تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5957) یەک شەممە 21ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

راگەیەندراوێک لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ رای گشتی:

ئێمە لەگەڵ خەباتی سیاسی و ڕێکاری ئاشتیانەین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پارچەکانی تر

پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هێرش و تۆپبارانکردنی تورکیا و ئێران لە ناوخاکی هەرێمی کوردستان راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و نیگەرانییی خۆی دەردەبڕێت. لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، پێویستە گشت لایەک لەوە تێ بگات کە خەبات و حوکمڕانی بە موزایەدات و سیاسەتی نابەرپرسانە ناکرێت. بۆیە پێشتر گوتوومانە و ئێستایش دەیڵێینەوە کە ئێمە لەگەڵ خەباتی سیاسی و ڕێکاری ئاشتیانەین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پارچەکانی تر. **(دەقی راگەیەندراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕێڤینگ هروری: پێویستە پەکەکە و تورکیا بە دیالۆگ کۆتایی بەو کێشە و ئاڵۆزییانە بهێنن

سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، دەڵێ: عێراق سەروەریی نەماوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە

لە کۆبوونەوەکەدا چارەسەرە خوازراوەکان بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابووریی عێراق خرانە ڕوو

دوێنێ شەممە 2020/6/20 لە بەغدا بەڕێز د.بەرهەم سالح سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ، پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، گرنگیی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور و لە ڕێگەی هاوکاری و هەماهەنگیی هاوبەشەوە دووپات کرایەوە بە شێوەیەک کە مافی تەواوی عێراقییەکان پارێزراو بێت و دادوەریی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا چارەسەرە خوازراوەکان بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابووریی عێراق خرانە ڕوو، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاریی هەموو لایەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی، جەختی لەسەر کرایەوە.



نێچیرڤان بارزانی و مستەفا کازمی کۆبوونەوە

تێپەڕاندنی قەیرانەکان و بەرەنگاربوونەوەی دۆخی سەختی وڵات پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی هەمووانە

دوێنێ شەممە 2020/6/20 لە بەغدا بەڕێز مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێزیان کرد، ئینجا کێشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان بەپێی دەستووری عێراق و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی تەحەدییاتە هەنووکەییەکان کە ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوە، تاوتوێ کران.

هەردوولا گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانیان بەمەبەستی تێپەڕاندنی تەحەدییەکان دووپات کردەوە بەتایبەتی قەیرانی ئابووری کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە، بەرۆکی عێراقی گرتووە.

هەردوولا هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و بەرەنگاربوونەوەی دۆخی سەختی وڵات و گێرانەوەی ئارامی و سەقامگیری، پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی هەمووانە.

پێویستە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پێکهێنانی بەرەی ڕۆژئاوا هاندەر بێت

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی نوێنەرایەتی ئەوروپای پارتی ئازادیی کوردستان باسی لە هێزی گەل و یەکبوونی حزبە کوردستانییەکانی کرد و گوتی: باشترین نموونە ئاشتبوونەوەی گشتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بوو کە هەموو کورد لە ژێر یەک چەتردا کۆکرایەوە لە هێز و توانای و ئاراستەکردنی بەرانبەر یەک دۆزمنیان کە ئەویش ڕژێمی بەعس بوو کە تواندرا لە ساڵی 1991 هەموو دامودەزگاکانی ڕاماڵدرێت و ئاسەواری لەسەر خاکی کوردستان بسڕێتەوە، **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی: پێویستمان بە هاوکاریی نێودەوڵەتییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لە ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە کە کوردستان پەناگەیەکی ئارامە بۆ پەنابەران. دوێنێ شەممە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لەڕێگەی ئەکاونتەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تووێتەر و ئینستاگرام بڵاوکردەوە و، ڕایگەیاند "حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە میواندارێکردن و پێشکەشکردنی پێداویستی بۆ ملیۆنێک و سەد هەزار پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا و ئاوارەکانی پارێزگاکانی عێراق".

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەرمانی پاڵپشتی چارەسەری کۆرۆنا دەگاتە عێراق و هەرێمی کوردستان

د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، ڕایگەیاند: بڕیارە دەرمانی چارەسەری کۆرۆنا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بگاتە عێراق، وەک وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئامادەی بۆ کردووە، کە ئەم دەرمانەش لەلایەن وڵاتی ڕووسیاوە بەرهەم هاتووە و پەرەی پێ دراوە و وەک چارەسەری کۆرۆنا بەکار دێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

د.جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزیری نەوتی عێراق:

بۆ زیادکردنی داهات چاکسازیی گەورە لە پیشەسازیی نەوت دەکەین

ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوتی عێراق لە لێدوانێکدا ئامانجی بۆ پلانی وەزارەتەکەی بۆ زیادکردنی داهاتی نەوت و چاکسازی لەپیشەسازی نەوت لەعێراقدا کرد و گوتی دەستمان بەجێبەجێکردنی پلانەکەمان کردوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



(قەیسەر)ی سووریا... یاسایەکی ئابووری بەڵام بە تامی سیاسەت

(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی:

سنووری ئێران و قاچاغی دۆخی کۆرۆنایان لە سلێمانی گەیاندە ئێستا

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دان بەوەدا دەنێت کە سنووری ئێران و کاری قاچاغی، دۆخی تەندروستیی شاری سلێمانییان لە بەرامبەر پەتای کۆرۆنا بە ئێستا گەیاندووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

د. سەباح هەورامی:

ئەگەر دۆخەکە وابڕوات هەموو بنەماڵەیەکی سلێمانی قوربانیی کۆرۆنایان دەبێت

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند: ئەگەر دۆخی هەر شوێنێکی دیکە وەک سلێمانی بوایە 15 ڕۆژ کەرەنتین دەکرا، بەڵام بارودۆخی سلێمانی لە ڕووی سیاسی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی ناجێگیرە، لەبەر ئەوە ژووری ئۆپەراسیۆن نەیتوانیوە ئەو بڕیارە بدات. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

هەڵەبجە.. خێرا شلکردنەوەی ڕێنماییەکان وایکرد کە دۆخەکە ئاڵۆز و سەختتر بێت

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەت بڕی 2 ملیار دینار بۆ پارێزگەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین خەرج دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پاریزگاری سلێمانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆخی تەندروستیی سلێمانیی پرسی و داوای پابەندبوون بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکات.

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/6/18 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە لەگەڵ هەڤاڵ ئەبوبەکر پاریزگاری سلێمانی لە دۆخی تەندروستی شاری سلێمانی و ڕێکارەکانی خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە پاریزگاکە پرسی و نیگەرانیی خۆیشی لە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان دەربڕی.

سەرۆکی حکوومەت هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییانی کۆرۆنا نیشاندا و پرسە و سەرەخۆشی لێکردن, بڕیاریشیدا بڕی 2 ملیار دیناری دیکە بۆ هەردوو پاریزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین خەرج بکرێت بۆ یارمەتیدانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنادا.

سەرۆکی حکوومەت وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی لە دۆخەکە، جەختیشی کردەوە کە تاکە ڕێگە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە و کۆنترۆڵی ئەم پەتایە، پابەندبوونە بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان لە لایەن دامودەزگاکانی حکوومەت و هاوواڵتیانن. هەر لەمیانەی ئەو گفتوگۆیەدا سەرۆکی حکوومەت دووپاتی کردەوە کە حکوومەت هەموو تواناکانی خستووەتە گەڕ بۆ دابینکردنی بژێوی و پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتیان کە نەدەبوایە ئەم بابەتە تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان بکرێت و هیواشی خواست بە هاوکاری و یەکڕیزیی هەموو لایەک، بە تایبەتی پاڵپشتیی لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت، ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنن.

پاریزگاری سلێمانی سوپاسی پشتیوانیی و پشتگیرییەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد.



مەسرور بارزانی: پێویستمان بە هاوکاریی نێودەوڵەتییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لە ڕۆژی جیهانیی پەنابەراندا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە کە کوردستان پەناگەیەکی ئارامە بۆ پەنابەران. دوێنێ شەمە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لەڕێگەی ئەکاونتەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی توویتەر و ئینستاگرام بڵاوکردەوە و، ڕایگەیاند "حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە میواندارێکردن و پێشکەشکردنی پێداویستی بۆ ملیۆنێک و سەد هەزار پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا و ئاوارەکانی پارێزگاکانی عێراق". هەروەها دەشڵێت: "پێویستیمان بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و یارمەتیی داراییە بۆ ئەوەی زەمینەخۆش بکەین تا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و سەربەرزانە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە میواندارێکردن و پێشکەشکردنی پێداویستی بۆ ملیۆنێک و سەد هەزار پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا و ئاوارەکانی پارێزگاکانی عێراق". هەروەها دەشڵێت: "پێویستیمان بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و یارمەتیی داراییە بۆ ئەوەی زەمینەخۆش بکەین تا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و سەربەرزانە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان".

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا حەمەدەمین گویزڵینگەیی پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان مامۆستا مەلا حەمەدەمین گویزڵینگەیی، پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان مامۆستا مەلا حەمەدەمین گویزڵینگەیی-م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/6/17

ڕاگەیەندراوێک لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ڕای گشتی:

زۆر نیگەرانین بەرانبەر گرژی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی و تۆپباران و بوردومانەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان

خەبات و حوکمڕانی بە موزایەدات و سیاسەتی نابەرپرسانە ناکرێت

پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هێرش و تۆپبارانکردنی تورکیا و ئێران لە ناوخاکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، پێویستە گشت لایەک لەوە تێ بگات کە خەبات و حوکمڕانی بە موزایەدات و سیاسەتی نابەرپرسانە ناکرێت. بۆیە پێشتر گوتوومانە و ئێستایش دەیلێینەوە کە ئێمە لەگەڵ خەباتی سیاسی و ڕێکاری ئاشتیانەین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پارچەکانی تر. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

زۆر نیگەرانین بەرانبەر گرژی و پەرەسەندن و ئۆپەراسیۆنی سەربازی و تۆپباران و بوردومانەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، کە بووەتە هۆی دڵەڕاوکێی هاووڵاتیانی سڤیل و ناسەقامگیری لە ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەم بابەتە تازە نییە و لە ساڵانی ڕابردوویش دووبارە بووەتەوە. هەموو جار و ئەم جارەیش قسەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم دوو وڵاتە کردووە و نیگەرانییەکانمان پێ ڕاگەیاندوون.

ئەوان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هیچ جۆرە دژایەتییەکیان بەرانبەر هەرێم نییە و هۆکاری بۆردومانەکان بوونی هێزە چەکدارە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانە کە لەناو خاکی هەرێم، کردەی سەربازی دژی ئێران و تورکیا ئەنجام دەدەن.

ئێستا پەکەکە نزیکەی پێنجسەد گوندی هەرێمی کوردستانی لەبەردەستە و ئێمە چاوپۆشیمان لێ کردووە، بەڵام ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت بەهۆی بۆردومانەکان زیانی گەورەتر بە هەرێم دەکەوێت و شوێنەکانی تری هەرێمیش دەکەونە ژێر مەترسی.

پێویستە گشت لایەکیش لەوە تێ بگات کە خەبات و حوکمڕانی بە موزایەدات و سیاسەتی نابەرپرسانە ناکرێت. بۆیە پێشتر گوتوومانە و ئێستایش دەیلێینەوە کە ئێمە لەگەڵ خەباتی سیاسی و ڕێکاری ئاشتیانەین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پارچەکانی تر و ئەگەر پەکەکە و لایەنە چەکدارەکانی تر ناتوانن پابەندی بڕیار و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بن با شەڕ و چالاکییەکانیان بگوازنەوە بۆ مەیدانی ڕاستەقینەی خۆیان و چیتر نەبنە مایەی هەڕەشە و مالوێرانی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/6/20

جوتیار عادل: حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

داوا لە کۆماری تورکیا دەکەین ڕێز لە سەروەریی خاک و نیشتمانمان بگرێت

د.جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: داوا لە کۆماری تورکیا دەکەین ڕێز لە سەروەریی خاک و نیشتمانمان بگرێت و پەکەکەش پێویستە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات بۆ ئەوەی نەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی پشێوی لە ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها گوتەبێژی حکوومەت ڕاشیگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نایەوێت لەناو خاکی هەرێمی کوردستان هێرش بکرێتە سەر هیچ وڵاتێک. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بە دڵگرانی و نیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچە سنووربییەکان دەکەین، کە بووە هۆی زیانی گیانی و مادیی بە هاووڵاتیانی سڤیل و گوندنشینانی ناوچەکە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرکۆنەی شەهیدکردن و زیان گەیاندن بە هاووڵاتیان دەکات لەلایەن هەر لایەنێک و بە هەر هۆکارێکەوە بێت.

داوا لە کۆماری تورکیا دەکەین ڕێز لە سەروەریی خاک و نیشتیمانمان بگرێت و پەکەکەش پێویستە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات بۆ ئەوەی ئیدی نەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی پشێوی لە ناوچە سنووربییەکانی هەرێمی کوردستان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نایەوێت لەناو خاکی هەرێمی کوردستان هێرش بکرێتە سەر هیچ وڵاتێک. لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارانی دەخوازین.

د. جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
19 حوزەیرانی 2020

نووسینگەی ڕاگەیاندنی د.بەشیر حەداد:

هیچ داواکارییەک بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی عێراق پێشکەش نەکراوە

وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە لە پشکی پارتییە دووجار بانگهێشتی باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا کردووە و نامەی نارەزایی پێداوە

دوێنێ شەمە 2020/6/20 نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وەڵامی پەرلەمانتارێکی داوەتەوە، گوایە حەداد ڕێگری لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بۆ تاوتوێکردنی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ئاسمانی هەرێمی کوردستان، کردووە. لە ڕاگەیەندراوێکدا، نووسینگەی بەشیر حەداد «چەند ڕاستییەک» بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کە ئەو پەرلەمانتارە، «وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی درۆیەکی شاخداری هەڵبەستووە».

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

یەکەم: قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە سەرلەبەری دووڕە لە ڕاستی و بەهیچ شێوەیەک و لەلایەن هیچ پەرلەمانتارێکەوە داواکاری بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر ئەو بابەتە پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکراوە.

دووەم: جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئەو پەلامارو هێرشانەی سوپای تورکیای بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ئیدانە کردووە و بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراقی داناوە و داواشی کردووە بە زووترین کات حکوومەتی فیدراڵ داوا لە تورکیا بکات ئەو هێرشانە ڕا بگرێت.

سێیەم: لە ئێستادا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی تووشبوونی چەند پەرلەمانتارێکەوە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبوونەوەکانی خۆی ڕاگرتووە و کۆبوونەوە ئەنجام نادات.

چوارەم: تاوەکو ئێستا ئەم بەڕێزەمان نەبینیوە لەناو هۆڵی پەرلەمان یان میدیایەکی عەرەبی و عێراقی داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان بکات و تەنیا پاڵەوانی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و چەند کەناڵێکی لۆکاڵییە.

پێنجەم: وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە وەزیرەکەی کورد و لە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دووجار بانگهێشتی باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا کردووە و نامەی نارەزایی پێداوە و بۆ هەمان مەبەست بانگهێشتی باڵیۆزی ئێرانیشی کردووە.

شەشەم: ئێمە بە مافی خۆمان دەزانین کە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو پەرلەمانتارە بگرینەبەر و داوای ئاسایی لەسەر تۆمار بکەین، چونکە ئەوە چەندەمین جارە درۆ و قسەی ناڕاست بە دەمی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هەڵدەبەستێت .

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق
2020/6/20



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دۆخی وڵات تاوتوێ دەکەن

جەخت لەسەر گرنگیی هاریکاری و هەماهەنگیی هەموان بۆ تێپەڕاندنی سەختییە هەنووکەییەکان کرایەوە

پاشنیوەڕۆی دوێنێ شەمە 20/6/2020 لە بەغدا بەڕێز محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشوازیی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، کێشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران و تیشک خرایە سەر قەیرانی دارایی و لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی.

هەر لە دیدارەکەدا جەخت لەسەر گرنگیی هاریکاری و هەماهەنگیی هەموان بۆ تێپەڕاندنی سەختییە هەنووکەییەکان و کارکردن بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی دەستوور کرایەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە

ئێوارەی دوێنێ شەمە 20/6/2020 لە بەغدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خاتوو جینین پلاسخارت، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا تیشکیان خستە سەر دۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق و لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و جەختیان لە گرنگی و پێویستیی هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو لایەنە عێراقییەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان کردەوە.

دەستبەکاربوونی کابینەی تازەی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مستەفا کازمی و کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ و دیالۆگ و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان لەسەر بنەمای دەستوور، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، جەختی لە ئامادەیی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستووردا کردەوە و ئاماژەی بە گرنگیی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان کرد.

ڕێڤینگ هروری: پێویستە پەکەکە و تورکیا بە دیالۆگ کۆتایی بەو کێشە و ئاڵۆزییانە بهێنن

تورکیا بە بەهانەی پەکەکە زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵکی گوند و ناوچە سنوورییەکان دەگەیەنێت



خەبات- کارزان حەیدەر

سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا، دەڵێ: عێراق سەروەری نەماوە.

ڕێڤینگ هروری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان و تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆ لێدانی پێگە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پێشێلی سەروەری خاکی عێراق دەزانێت و داواش دەکات عێراق سنوورەکان بپارێزرێت کە ئێستا داواى داهاتەکانی دەکات، هروری دەشڵێ :کەرەنتینەی پەرلەمان ڕێگر بوو لەوەی کۆبوونەوە لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی تورکیا و ئێران و پرسی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و وەدەرنانی کورد لەو ناوچانە بکەین، لەگەڵ پرسی سەرهەڵدانەوەی داعش و چەکدارکردنی هەندێ لە عەشیرەتە عەرەبەکان کە بوونەتە مەترسی لەسەر کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

هروری بۆ خەبات ئاماژە بە بەهانەکانی تورکیا دەکات بۆ سنووربەزاندن و دەڵێ: تورکیا بە بەهانەی پەکەکە سنووری کوردستان دەبەزێنێت و زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵکی گوند و ناوچە سنوورییەکان دەگەیەنێت، ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوە نین کێشەی نەتەوەیەک بە چەک و لەشکرکێشی کۆتایی پێ بێت، دەخوازین پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیا بە گفتوگۆ و دیالۆگ کۆتایی بەو کێشە و ئاڵۆزیانە بێنن.

هروری ئاماژەی بەوەش کرد کە بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی چەند جارێک هەوڵی نێوەندگیری داوە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام هەردوولا نیازی ڕێککەوتنیان نەبووە، بەڵکو نیازی شەڕیان هەبووە.

هەردوو حکوومەتی هەرێم و فیدراڵ لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، سکرتێری حزبی چاکسازی و گەشەش پێی وایە، سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا دەبێت. د. محەمەد بازیانی، سکرتێری حزبی چاکسازی و گەشە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بە تایبەتی دوای هاتنی سەرۆکوەزیرانی نێستای عێراق (مستەفا کازمی) پێویستە لێکتێگەیشتن هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە تایبەتیش کێشەکانی وەک ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پشکی بودجەی هەرێم و نەوت، ئەمانە هەمووی دۆسیەی گرینگن و پێویستە هەردوولا دانوستانیان لەسەر بکەن.

لەبارەی سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، د. محەمەد بازیانی ڕوونی کردەوە: سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، گرینگیی خۆی هەیە و کاریگەریش دەبێت، بە حوکمی ئەوەی کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی پێشتر پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ مستەفا کازمی هەبووە، لەبەر ئەوەش هەر کاتێک نێچیرڤان بارزانی بۆ دانوستان و چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا بکات، بەرهەمدار دەبێت.

بازیانی: سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بەرهەمدار دەبێت

عێراق.. هەر کاتێک شانەی قەیرانەکان و لیژنەی تەندروستی بڕیار بدەن گەشتە ئاسمانییەکانی عێراق دەستپێ دەکەنەوە

بەڕێوەبەری ڕایگەیاندنی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی، جیهان دیوان ڕایگەیاند کە دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان، پەیوەستە بە بڕیار و ڕێنماییەکانی شانەی قەیرانەکان و لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەڵامەتی نیشتمانییەوە. دوێنێ شەمە جیهان دیوان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد کە لە ئێستادا، شانەی قەیرانەکان و لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەڵامەتی نیشتمانی، بڕیار لەسەر دەستپێکردنەوە یان دەست پێ نەکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان دەدەن و گوتی: هەر کاتێک شانەی قەیرانەکان و لیژنەی باڵای تەندروستیی و سەڵامەتی نیشتمانی بڕیار بدەن، ئەوا گەشتە ئاسمانییەکان دەست پێ دەکەنەوە. گوتیشی: هۆشداریمان داوەتە سەرجەم بەڕێوەبەری و کارمەندانی فڕۆکەخانەکانی عێراق، لەوەی ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی جێبەجێ بکەن.

دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق بەهۆی باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکان تا کاتێکی نادیار هەڵپەساردووە. لەئێستادا، ڕێگە دراوە تەنها گەشتی ئاسمانیی بە ئامانجی گەڕاندنەوەی ئەو عێراقییانەی کە لە دەرەوە گیریان خواردووە، ئەنجام بدرێن. لە عێراق،25 هەزار و 717 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون کە لەو ژمارەیە 856یان گیانیان لەدەستداوە و 11 هەزار و 330ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.



وەزیری نەوتی عێراق بۆ «خەبات»: بۆ زیادکردنی داهات چاکسازیی گەورە لەپیشەسازیی نەوت دەکەین

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوتی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆ پلانی وەزارەتەکەی بۆ زیادکردنی داهاتی نەوت و چاکسازی لەپیشەسازی نەوت لەعێراقدا کرد و گوتی دەستمان بەجێبەجێکردنی پلانەکەمان کردوە.

وەزیری نەوتی عێراق ئیحسان عەبدولجەبار لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کێشەی گەورەمان لەپیشەسازی نەوت و بەقاچاخبردنی لەسنووورەکانمانەوە هەیە و پلانمان هەیە بۆ چاکسازی لەم کەرتەدا و بەهۆیەوە داهاتی گشتی عێراق بەرز دەکەینەوە.



ئیحسان عەبدولجەبار گوتیشی: بەداخەوە تائێستا بەفیڕۆدانێکی زۆر لەپیشەسازی نەوت بەهۆی نەبوونی پالاوگەی پێویست لەعێراقدا هەیە و بەپێی ئەو پلانەی دامانناوە پەرە بەبەرهەمهێنانی گازی سروشتی دەدەین و چیتر ناهێلین ئەو گازە بەفیڕۆ بسووتێت لەکێڵگە نەوتیەکانماندا. هەروەها لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ئیحسان عەبدولجەبار گوتی: پێشبینی دەکەین لەمانگی داهاتوودا نرخی نەوت بەرادەیەک بەرزبێتەوە کە هاوسەنگی دارایی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن و بەکاربەری نەوت دروست بکات و پابەندبوونی عێراقیش بەبڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپێک لەبەرژەوەندی هەمو لایەک.لەبارەی ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەبواری نەوتدا، وەزیری نەوتی عێراق بۆ خەبات گوتی: هیوادارین یاسای نەوت و گاز لە عێراقدا دەربچێت و ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی لەنێوان هەولێر و بەغدا بکرێت و ئەم ڕێککەوتنەش گەرەنتی باشتر سوودوەرگرتنی هەموو خەڵکی عێراق لەداهاتی نەوت دەدات.



پەرلەمانی کوردستان:
داواکارین هیچ وڵات و هێز و لایەنێک خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرش و پەلاماردان بەکارنەهێنێت
پشتیوانیی تەواوی خەباتی مەدەنی و دیموکراسی و پەرلەمانیی بۆ چارەسەری پرسی کورد

سەبارەت بە هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی راگەیەندراوەکەدا هاتووە: پێمانوایە بە ئەزموونی سەرجەم ئۆپەراسیۆن و شەڕ و لەشکرکێشی و پەلاماری چەکداری رابردوو، هیچ پرسێک بە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و بەردەوامی خوێنڕشتن لە هەر لایەکەوە بێت، ئاشتی زیاتر دوور دەخاتەوە و کۆسپی زیاتر بۆ دیموکراسییەت و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا دروست دەکات. لە بەشێکی تری راگەیەندراوەکەدا، پەرلەمانی کوردستان رایگەیاندووە: پشتیوانی تەواوی خەباتی مەدەنی و دیموکراسی و پەرلەمانیی بۆ چارەسەری پرسی کورد و کۆتاییهێنان بە شەڕ و کوشتار و لەشکرکێشی و بوونە هۆکاری گیانلەدەستدانی خەڵکی سڤیل و سووتانی ڕەز و باخ و وێرانبوونی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان و داواکاریشیان هیچ وڵات و هێز و لایەنێک خاکی هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی بۆ هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی و تۆپبارانکردن و کەوتنەوەی قوربانی لەناو خەڵکی مەدەنی هەرێمەکەمان بەکارنەهێنێت.

ئەمەی خوارەوە دەقی راگەیەندراوەکەیە:

شەهیدبوونی چەندین هاوواڵتی سنووری پارێزگای دهۆک بەهۆی دوایین هێرش و پەلاماری سەربازی تورکیاوە ئیدانە دەکەین، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر هێزەکانی پارتی کرێکاران (پەکەکە)لە ناوچە سنووربیەکان، چەندین هاوواڵتی هەرێمی کوردستان بوونە قوربانی و شەهید بوون.

وێڕای ئیدانەکردنی شەهیدبوونی ئەم هاوواڵتیيانە بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی تورکیاوە، پرسە و سەرەخۆشی زۆری خۆمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ برینداڕەکان دەخوازین، پێمان وایە بە ئەزموونی سەرجەم ئۆپەراسیۆن و شەڕ و لەشکرکێشی و پەلاماری چەکداری رابردوو، هیچ پرسێک بەشەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و بەردەوامی خوێن ڕشتن لە هەر لایەکەوە بێت، ئاشتی زیاتر دوور دەخاتەوە و کۆسپی زیاتر بۆ دیموکراسییەت و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا دروست دەکات.

پشتیوانی تەواوی خەباتی مەدەنی و دیموکراسی و پەرلەمانیی بۆ چارەسەری پرسی کورد و کۆتایی هێنان بە شەڕ و کوشتار و لەشکرکێشی و بوونە هۆکاری گیان لە دەستدانی خەڵکی سڤیل و سوتانی ڕەز و باخ و وێرانبوونی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان، داواکارین هیچ وڵات و هێز و لایەنێک خاکی هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی بۆ هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی و تۆپباران و کەوتنەوەی قوربانی لەناو خەڵکی مەدەنی هەرێمەکەمان بەکارنەهێنێت.

پشتیوانی ئەوەین هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی دۆستانەی لەگەڵ تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و کولتوورییەکان.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
2020/6/19

ئەفشار ئەقدەسی: پێویستە رۆڵی سەرۆک بارزانی لە پێکهێنانی بەرەی ڕۆژئاوا هاندەر بێت
ناکرێ ئەوەی لە حکوومەتدا بەشدارە خێروبێرەکەی ببات و لە ئاستەنگەکانیشدا پشتی تێبکات



ساسان دەرویش- هەڵەدا

لە مێژووی حزبە کوردییەکان لەدوای ساڵانی هەشتاکان بۆ دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی بۆ گەلی کورد ئەو کاتانە بووە کە کۆک و تەبابوون باشترین نموونەش بەرەی کوردستانی و ئاشتبوونەوەی گشتیی حزبە کوردستانییەکان بوو کە گەلی کوردی بە هەنگاوبڕی بۆ ئێستای ئەمڕۆی کوردستان و خۆبینینەوە لە هەرێمێکی ئازاد، ئاکرێ بەهۆی پێشێلکاری دەستووری و ئاسەواری پاشماوەی شەڕی کۆتایی داعش و لێکەوتەی قەیرانەکان و پەتای کۆرۆنا هەمو دەستکەوت و ئەزموونی چەند ساڵەمان بخەینە بەردەم هەڕەشە، بۆ ئەم پرسانە و قسەکردن لەسەریان، ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی نوێنەرایەتی ئەوروپای پارتی ئازادیی کوردستان بۆ خەبات دوا.

-بەرەی کوردستانی و ئاشتبوونەوەی گشتیی حزبە کوردستانییەکان

ئەفشار ئەقدەسی باسی لە هێزی گەل و یەکبوونی حزبە کوردستانییەکانی کرد و گوتی: باشترین نموونە ئاشتبوونەوەی گشتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بوو کە هەمو کورد لە ژێر یەک چەتردا کۆکرایەوە لە هێز و توانای و ئاراستەکردنی بەرانبەر یەک دوژمنیان کە ئەویش ڕژێمی بەعس بوو کە تواندرا لە ساڵی 1991 هەمو دامودەزگاکانی ڕاماڵدرێت و ئاسەواری لەسەر خاکی کوردستان بسڕێتەوە، ئەم هەرێمەی ئێستای لێهاتە بەرهەم، دەکرێ ئێستاش بەڕۆحیەتی ئەو کاتەی پێشمەرگایەتی کە پڕبوون لە گیانفیدای ڕووبەڕووی هەمو قەیرانەکان بینەوە و کوردستان وەک چاومان بپارێزین، بۆ دەبێت خەڵکی کوردستان نیگەران بن لە ناکۆکی نێو مااڵی کورد و لێدوانی چەند نابەرپرسێک لەم بارودۆخەی ئێستاماندا کە پەتای کۆرۆناش هەڕەشە بێت لەسەر هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە، دەبا هەمومان پێکەوە کوردستان بەهێز بکەین بە دووركەوتنەومان لە گرژییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆکردن، دەبین دوژمنانی کورد چۆن هەمووین لە بژسەدان بۆ گەلی کورد و لەگەڵ ئەوەشدا لەپێناوی موچە و ناتەبایی گەلی کورد و نێومااڵی کوردستان دەستوور هێندەی تر پێشێل دەکرێت، ناکرێ ئەوەی لەم حکوومەتەدا بەشدارىووە خێروبێری بەرێت و لە ئاستەنگەکانی پشتی تێبکات و وەک ئۆپۆسیۆن خۆی نیشان بدات و هەموشت بکاتە موزایەدەی سیاسی و لێکەوتەی خراپ بخاتە نێو خەڵک بەهۆی تۆڕی کۆمەاڵیەتیی فەیسبووک نیگەرانییەکان زیاد بێت و ببێتە هۆی دووركەوتنەوە لە یەکتری و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و خراپبوونی گوزەرانی خەڵک و نەبوونی مووچە و پێداویستییەکانیان، با لەپێناو خۆشگوزەرانی گەلەکەمان و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخەی ئەم پەتایەی کۆرۆنا بەیەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بگەڕێین بۆ چارەسەرەکان کە تەنها و تەنها ئەویەک بوونە خەڵک بەهۆی تۆڕی کۆمەاڵیەتیی فەیسبووک نیگەرانییەکان زیاد بێت و ببێتە هۆی دووركەوتنەوە لە یەکتری و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و خراپبوونی گوزەرانی خەڵک و نەبوونی مووچە و پێداویستییەکانیان، با لەپێناو خۆشگوزەرانی گەلەکەمان و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخەی ئەم پەتایەی کۆرۆنا بەیەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بگەڕێین بۆ چارەسەرەکان کە تەنها و تەنها ئەویەک بوونە دەمانهێڵێتەوە .

ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پێکهێنانی بەرەی ڕۆژئاوا

هەروەها ئەفشار ئەقدەسی لە درێژەی قسەکانیدا خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی و پیرۆزبایی لە هەردوو پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرد بۆ پێکهاتنیان لە یەک بەردا و گوتی: ئەم پێکەکەوتنە و لێکگەیشتنە سیاسییە بەهەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی و دەستکەوتێکی مەزن بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەزانین، پیرۆزبایی لە هەردوو لایەن دەکەین و هەردوولایەنیش ئەوەیان نەشاردەوە کە بەهەوڵەکانی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکانی دهۆک دەبێت لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی زۆر بڕیاری گرنگی تێدابوو جێبەجێ بکرێت و هیوادارم ئەم ڕێککەوتنە هاندەری پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەاڵتی کوردستانیش بێت بۆ لێک نزیکبوونەوە و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پێکهێنانی بەرەی ڕۆژئاوا هاندەر بێت بۆ هەموان و گەڕانەوەی ئاشتەوایی و یەکخستنی نێومااڵی کورد و زااڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا.

مێژوو لە هیچ کەس و لایەنێک خۆش نابێت

ئەفشار ئەقدەسی گوتیشی: هیوادارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان بەدوور بگرن لە کێشەی نارەوای هەندێ دەروونەخۆشی نێو تۆڕەکانی کۆمەاڵیەتیی فەیسبووک کە هەوڵی دووركەوتنەوەی هەردوو لایەنی سەرەکی حکوومەت دەدەن و ناکۆکی دەبەخشنەوە، هەوڵ بدەن کێشەکان بە هەردوولا چارەسەر بکەن و ئەم قەیرانە تێپەڕین و دەسکەوتی گرنگ و مێژووی زیاتر بۆ گەلی کورد تۆمار بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی:
سنووری ئێران و قاچاغی دۆخی کۆرۆنایان لە سلێمانی گەیاندە ئێستا

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دان بەوەدا دەنێت کە سنووری ئێران و کاری قاچاغی، دۆخی تەندروستیی شاری سلێمانییان لە بەرامبەر پەتای کۆرۆنا بە ئێستا گەیاندووە. د. مەجید محەمەدئەمین، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی کە بەکالۆریۆسی لە پزیشکی و تەندروستیی خۆشمان لە کوردستان و عێراقیش کامڵ نییە، بۆیە دەبێت خۆپارێزیی تاک بەهێز بکرێت، چونکە تۆمارکردنی دوو هەزار حاڵەتی تووشبوون بە پەتاکە لە کوردستان، سەرجەم دامەزراوەکانمان هێاڵک دەکات، خەڵک زەرەر دەکات، پابەند بوونی خەڵک وادەکات کە قەبارەی فشار لەسەر نەخۆشخانەکان کەمتر ببێتەوە، دەبێت خەڵک هاوکار بێت بۆ ئەوەی فشار لەسەر نەخۆشخانەکان کەم ببێتەوە.''

ئەو سەرکردەیەی یەکێتی کە ئێستا بەرپرسی نوێنەرایەتیی حزبەکەیەتی لە بەغدا، باسی لەوە کرد، هەشت ڕۆژ لەمەوبەر وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بووە و ''دیداری باشیان ئەنجام داوە .''ئاشکرای کردووە: بڕیارە هەندێک ئامێری هەناسەدان و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی بگاتە عێراق، لەو ڕێژەیەش 17ی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت، ئێستاش بەریتانیان و ئەوروپا لە هەوڵی دروستکردنی ڤاکسینن و ڕەنگە لە کۆتایی ئەمسااڵ2 ملیار دانە بەرهەم بهێنرێت.

ڕوونیشی کردەوە کە بەهێزترین خاڵی خۆپاراستن لە کۆرۆنا بەکارهێنانی دەماماکە و 80''تووشبوونی کۆرۆنا لە حاڵەتی بەستنی دەماماک کەم دەبێتەوە، بڕیە ''خۆپارێزی لە شوێنە

قەرەباڵغەکان و بۆنە ئایینییەکان کارێکی باشە، گرنگە سزای سەرپێچیکاران بدرێت و سەرجەم شوێنە قەرەباڵغەکان دابخرێت.

لەبارەی هۆکاری باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە سلێمانی بە شێوەیەکی زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، سەرکردەکەی یەکێتی گوتوویەتی: من پێشووتر بڕیکاری وەزیری تەندروستی بووم لە سلێمانی، ئاستی هۆشیاریی خەڵک لە سلێمانی زۆر باشە، ڕێکاری دامەزراوەکانی تەندروستیی سلێمانی زۆر باشە، بەاڵم ئەوەی هۆکار بوو و سلێمانی گەیاندە ئەم دۆخە، هەبوونی 650کیلۆمەتر سنوور بوو لەگەڵ ئێران، دووەم دزەکردنی قاچاغ وای کرد کە دۆخی سلێمانی لە ئاستی نەخۆشییەکە خراپتر بێت بە بەراورد بە هەولێر و دهۆک کە بەداخەوە ئێران لەسەرەتای تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە، دووەم دەوڵەت بوو لە ئاستی جیهان، ئەمە هۆکاربوو کە لە سلێمانی ڕێژەکە بەرز ببێتەوە، لەکاتێکدا هەوڵی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی زۆر باش بوو.



قەاڵی کەرکووک و دەروازەی ئامێدی دەخرێنە لیستی شوێنەواری جیهانییەوە

وەزیری ڕۆشنبیری، گەشتوزار و شوێنەواری عێراق، حەسەن نازم ڕایگەیاند کە کار دەکەن بۆ ئەوەی، ژمارەیەک شوێنی دیکە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بخەنە ناو لیستی شوێنەواری جیهانییەوە، دوو لەو شوێنانە دەروازەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک و قەاڵی کەرکووکن لە هەرێمی کوردستان.

حەسەن نازم ئاشکرایکردووە کە لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی ژمارەیەک شوێنی دیکە بخەنە ناو لیستی شوێنەواری جهانییەوە و گوتی: لەئێستادا کار دەکەین بۆ ئەوەی ژمارەیەک شوێنی دیکە لە وڵاتەکەمان بخەینە ناو لیستی شوێنەواری جهانییەوە، پلانێکی باشمان لەوبارەیەوە داناوە. ڕاشیگەیاند، ئەو شوێنانەیش بریتین لە دەریای نەجەف، گۆڕستانی وادی سەاڵم، کەناراوەکانی دیجلەی کۆن، شەقامی ڕەشید، شاری ئاینی نیپور، شاری ئیسالمی واست، نەمرود لە نەینەوا، دەروازەی ئامێدی لە دهۆک، قەاڵی کەرکووک و منارەکەی لەگەڵ ڕێگای حەجی کۆن کە کۆفە و مەکە و مەدینە پێکەوە دەبەستێتەوە.

مستەفا کازمی: کار بۆ زیادکردنی داهاتی نا نەوتی دەکەین
گرنگە داهاتەکانی نەوت بۆ پڕۆژەکانی گەشەپێدان خەرج بکرێت



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە کار بۆ زیادکردنی داهاتی نا نەوتی و دامەزارندنی سندوقی وەبەرهێنان دەکەن بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لێی سوودمەندبن. دوێنێ شەمە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە مستەفا کازمی لە میانی سەردانی بۆ وەزارەتی نەوت ئەوەی گوتووە: گرنگە داهاتەکانی نەوت بۆ پڕۆژەکانی گەشەپێدان خەرج بکرێت. گوتیشی: کار بۆ زیادکردنی داهاتی نا نەوتی و دامەزارندنی سندوقی وەبەرهێنان دەکەین بۆ ئەوە نەوەکانی داهاتوو لێی سوودمەندبن.

سەرکۆەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ئەوەی وەبیرهێناتەوە کە ئەوەی ئێستا بەڕێژەی95 لەسەدا، بۆ ئامادەکردنی بوودجەی گشتیی، پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بەڵگەیە لەسەر شکستی سیاسەتەکانی پێشوو و گوتی: بەردەوامین لەسەر ئەو چاکسازییەی کە دەستمان پێکردووە و بەهیچ شێوەیەکیش لێی پاشگەز نابینەوە، بە تایبەتیش چارەسەرکردنی دوو مووچەیی. ئەوەیش لە کاتێکدایە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە لەوەی لیستی خەرجییەکان بە جۆرێک ئامادە بکات کە لەگەڵ چاکسازی دارایی و ئابووریدا گونجاو بێت. جێی باسە تا ئێستا، بوودجەی گشتیی عێراق بەڕێژەی 95لەسەدا پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت.

100 هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەژێر ئامێری هەناسەدانن

10 تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان باری تەندروستییان زۆر خراپە

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی: ئەگەر هاووڵاتیان پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان نەبن لە هەفتەکانی داهاتوودا بەرەو کارەساتێکی گەورە هەنگاو دەنێین



خەبات/عەلی بانیشاری

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت ئەگەر هاووڵاتیان لەسەر ئاستی تاک پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن لە دوو تا سێ هەفتەی داهاتوودا ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە بەرەو کارەساتێکی گەورە دەڕۆین.

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەشڵێت: ئێستا لە کۆڵان و گەڕەکەکان پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنا ئەنجام نادەین.

د.محەمەد قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: هەر کۆڵان و فەرمانگە و کۆمپانیایەک حاڵەتی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدا تۆمار بکرێت دادەخرێت و پشکنینی تێدا ئەنجام دەدرێت. گوتیشی: ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ پشکنینی کۆرۆنا دێنە نەخۆشخانە روو لە زیادبوونە. ئەوەشی گوت: ڕۆژانە نزیکەی دوو هەزار پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنا لەسەرتاسەری کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەوەش ژمارەیەکی زۆر باشە و ستانداردە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی تائێستا زیاتر لە 15 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان کەرەنتینە کراون و لەئێستاشدا کەمتر لە هەزار کەس لە کەرەنتینەکان ماون.

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم ئامارێکی بەوەشدا ئەوەی کەسانەی بۆ گەشتکردن چوونەتە دەرەوەی وڵات لە کاتی گەڕانەوەیان لەسەر حسابی خۆیان کەرەنتینە دەکرێنەوە. بەوتەی د.محەمەد قادر لە هەولێر و سلێمانی 10تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا باری تەندروستیان زۆر خراپە و 100 کەسی دیکەش لەژێر ئامێری هەناسەداندان.

بەهۆی زۆری ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا و پڕبوونی نەخۆشخانەکان وەزارەتی تەندروستی هەموو ئەو کەسانە دەگوازێتەوە دەرەوەی نەخۆشخانەکان کە باری تەندروستیان باشە. وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: ئێستا پشکنینی هەڕەمەکی تایبەت بە کۆرۆنا لە کۆڵان و گەڕەکەکان ناکرێت. لەبارەی پێشبینی وەزارەتی تەندروستی بۆ هەفتەکانی ئایندە؟ د.محەمەد قادر گوتی: ئەگەر هاووڵاتیان لەسەر ئاستی تاک پابەندی ڕێنماییە تەدروستییەکان بن لە دوو تا سێ هەفتەی داهاتوودا ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا ورده ورده کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر پابەند نەبن گومانی تێدا نییە بەرەو کارەساتێکی گەورە هەنگاو دەنێین.

کۆرۆنا. باسی لەوەشکرد بەشێک لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا پڕبوون لە هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و بەناچاری نەخۆشخانەی دووەم و سێیەم کراونەتەوە. ناوبراو گوتیشی: ئەگەر وابڕوات نەخۆشخانەی دیکەش بۆ تووشبووانی کۆرۆنا



پارێزەرەکەی دەمیرتاش: هیچ دادگایەک ناتوانێت بەبێ فەرمانی ئەردۆگان بڕیار لەسەر ئازادکردنی دەمیرتاش بدات

دادگای دەستووری تورکیا بڕیاری دا، سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی هەدەپە قەرەبووی دارایی بکرێتەوە بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژتر لەو سزایەی بەسەریدا سەپێندراوە لە زیندان ماوەتەوە.

پارێزەرەکەی دەمیرتاش، ڕەمەزان دەمیر لە لێدوانێکیدا بۆ دەنگی ئەمەریکا باس لە بڕیارەکەی دادگای باڵای تورکیا و بڕیاری دادگای مافی مرۆڤی ئەورپا دەکات و دەڵێت: لە ئێستادا دوو دادگای باڵا بڕیاری ئەوەیان داوە مافی دەمیرتاش پێشێلکراوە. پێویستە لەسەر بڕیاری ئەم دوو دادگایە دەمیرتاش ئازاد بکرێت.

پارێزەرەکەی دەمیرتاش ئەوەشی گوتووە: بڕیارەکەی ئەوروپا ئامازە بەوەش دەکات دەمیرتاش لەسەر فەرمانی سەرۆک کۆماری تورکیا دەستگیر کراوە و ئەوەش بڕیارێکی سیاسییە.

ڕەمەزان دەمیر دەشڵێت 33 دۆسێی دژ بە سەلاحەدین دەمیرتاش هەبوو ئەوەی کە لەسەری سزا دراوە، دۆسێیەکی سیاسییە.

دەمیر دەشڵێت: نازانین دەبێت چەند دادگای جیاواز بڕیار لەسەر دەمیرتاش بدەن، بەڵام دەزانم ئێستا لە تورکیا هیچ دادگایەک ناتوانێت بەبێ فەرمانی سەرۆک کۆماری تورکیا بڕیار لەسەر ئازادکردنی دەمیرتاش بدەن.

جێی باسە سەلاحەدین دمیرتاش لە ساڵی 2016وە دەستگیر کراوەو لەو کاتەوە لە زیندانی ئەدیرنەدایە.

شانەی قەیرانەکان لە پەرلەمانی عێراق: کار لەکار ترازاوە و قەدەغەی هاتوچۆ چارەسەری دۆخی کۆرۆنا ناکات

K24: حەسەن خەللاتی، ئەندامی شانەی قەیرانەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووپاتی کردەوە، ئێستا عێراق پێی ناوەتە قۆناغی تەشەنەکردنی سەرانسەریی ڤایرۆسی کۆرۆنا و جەختیشی کردەوە، ئێستا کار لەکار ترازاوە و ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆی سەرانسەری لە شارەکان کێشەی کۆرۆنا لە وڵات چارەسەر ناکات.

لە لێدوانێکدا بۆ سایتی ئەخباریيە ئەو ئەندامەی شانەی قەیرانەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی: ئێستا دۆخی کۆرۆنا لە عێراق لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و گرتنەبەری ڕێکاری خۆپارێزییەوە گۆڕاوە بۆ تەشەنەکردنی گشتگیر. خەللاتی ئاماژەی بەوەشدا: بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە قۆناغی سەرەتا لە عێراق تەنیا لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو و ژمارەیەک پارێزگا بوو، بەڵام ئێستا ئەو پەتایە هەموو کۆچە و کۆڵانەکانی وڵاتی تەنیوە، ئەمەش مانای وایە کە ئێستا ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆش هیچ سوودێکی نابێت.

حەسەن خەللاتی داواشی لە حکوومەتی عێراق کرد: بەزووترین کات دەرمانّە و شایستە دارایيەکانی کەرتی تەندروستی خەرج بکات، بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە دروستکردنی چەند نەخۆشخانەیەکی دیکە و کرینی پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە.

155هەمین سالّوەگەڕی نەهێشتی کۆیلایەتی لە ئەمەریکا بەرز ڕاگیرا



155هەمین سالّوەگەڕی نەهێشتی کۆیلایەتی لە ئەمریکا بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لە واشنتۆن و نیویۆرک بەرز ڕاگیرا، هەروەها گیانلەدەستدانی هاووڵاتیی ڕەشپێستی ئەمریکا، جۆرج فلۆید لە ئاکامی تووندوتیژی پۆلیسدا جۆش و خرۆشی بە چالاکییەکان دا کە بە "ڕۆژی ئازادیی" لە ئەمریکا ناسراوە.

خۆپیشاندانەکانی نیویۆرک بە خۆپندنەوەی ناوی ئەو ڕەشپێستانەی لە ئاکامی تووندوتیژی پۆلیس گیانیان لەدەست داوە و وەستان وەک ڕێزگرتن لە گیانی ئەوان بە بەشداری هەزاران کەس دەستیپێکرد. ڕێوشوێنی ئەمنی تووندوتۆڵیش لە خۆپیشاندانەکان گیرانە بەر و بە شێوەیەکی ئارام کۆتاییان پێ هات.

لای خۆیشەوە سەرۆکی شارەوانی نیویۆرک، بیل دێ بلاسیۆ بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە لە ساڵی داهاتووەوە 19ی حوزەیران لە نیویۆرک دەکرێتە پشووی فەرمی و پشتیوانی خۆیانی بۆ ڕەشپێستەکانی ئەمریکا دووپات کردەوە.

خۆپیشاندەرانی واشنتۆنی پایتەختیش لە نزیک کۆشکی سپی ڕەخنەیان لە سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ گرت بەرامبەر ڕەشپێستەکان و دروشمیان لە دژی دەگوتەوە و داوای کۆتایی هێنانیان دەکرد بە ڕەگەزپەرستی.

دژایەتیکردنی چاکسازی لە پێناو چی؟



ئەڤین عەلی

بێگومان ئەزموونی ڕابردووی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بێ کەموکوڕی نەبووە و لەبەر ئەوەش جەماوەری کوردستان چاوەڕێی ئەوە لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن پێداچوونەوە بە هەڵەکانی ڕابردوو بکرێت و دەخوازن چاکسازی لە بواڕەکانی سیاسی و خزمەتگوزاری و بواڕەکانی تری ژیاندا بکرێت.

کابینەی ئەمجارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سیستەم و میکانیزمی نوێ دەستیپێکرد لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی کە دوای 100 ڕۆژ لە وەرگرتنی ئەم پۆستە هەنگاوی گرنگ و کاریگەری نا لە بەرژەوەندی هاووڵاتییان.

نابێت چاکسازی بە تەنیا پەیوەست بکرێت بە لایەنێک یان دوو لایەنی دیاریکراو، بەڵکو هەمە لایەنە و هەموو بواڕەکان دەگرێتەوە، بەڵام پرسی ئێمە لەم بابەتە ئەوەیە ئایا چاکسازی ترسناکە کە چەند لایەنێک بەم شێوەیە خراپە دژایەتی دەکەن؟ کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست و سەردەمێکی نوێ لێرە دەستیپێکرد کە حوکمی دەسەڵاتی کوردی پێدەگوترێت، ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لە قەوارەی سیاسی و دەستووری هەرێمی کوردستان، گەرچی ئەم دەسەڵاتە لە بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمکردن یەک لایەن نەبووە و چەندین حزب و لایەن بوونیان هەبووە لە کوردستان، بە درێژایی مێژووش ناکۆکی لەنێوان ئەم حزبە سیاسییانە هەبووە، جا ناکۆکییەکان بەرژەوندی و پلە و پۆست بێت یا پارێزگاریکردن لە خاک و وڵات و میللەت!

ئەوەی جێی سەرنجە لەم کابینەیەدا بە زەقی ئەم ناکۆکییە دەبیندرێت، بەڵام ئەم ناکۆکی و دژایەتیکردنە بۆچی و لەپێناو چی؟ لەدوای بڕیاری چاکسازی لە هەرێمی کوردستان چەندین لایەن و حزبی سیاسی کەوتنە دژایەتیکرنی ئەم کابینەیە و بە شکستخواردوو لە قەڵەمیاندا لە کاتێکدا خۆیان لە حکوومەت بەشدارن، ئەمەش سەلماندنی بوونی گەندەڵی و کەمتەرخەمی و بێ ئینتیمایی و فەرامۆشکردنی میللەت و بژێوی ژیانی خەڵکە، چونکە چاکسازیی جگە لە گەڕانەوەی نەبێ بۆ پراکتیزەکردنی حوکمی یاسا ,هیچ مانەیەکی دیکە نادات، گشتگیرکردنی یاسای شەفافیەت، لێپاتوویی و بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتنی تاکەکان و هاندانیان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەبێ دەستکاریکردنی ئەو ئەساسانەی کە لەسەری دانراون، ناکرێت، حکوومەت ئەمجارە دەیەوێت گۆڕانکاری بکات، بێگومان ئەنجامدانی چاکسازیی و جێبەجێکردنی یاساش لە بەرژەوندی هەندێ کەس و لایەن دەدرێت کە بەهەر بیانوویەک بێت بە ناشەرعی و نایاسایی.

بە پشتبەستن بە داهاتی ناوخۆ (گەشتیاری، بازرگانی، کشتوکاڵ....هتد) داهاتی نەوت کە سەرەکیترین داهاتە، پێداچوونەوە بە سیستەمی باج و دەرامەتەکان، داهاتی خاڵە گومرگی و دەروازەکان، ڕێکخستنەوەی گرێبەستەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت و پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان و گەڕاندنەوەی ئەو داهاتانەی کە بە دەست حکوومەت گەیشتوون بۆ خەزێنەی حکوومەت، لە هەموو ئەوانە گرنگتر پێداچوونەوە و بە کارخستنەوەی بڕیاری چاکسازییە کە لە کابینەی پێشوو بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام نەخرابووە بواری جێبەجێکردن.

لەگەڵ کەوتنە کاری کابینەی نۆیەم و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە حکوومەتدا بووە ئەگەری ئەوەی حکوومەت ڕووبەڕووی سەختی و ئاستەنگی زۆر ببێتەوە بەهۆی دژایەتیکردنی چەند لایەنێک و هاندانی خەڵک بۆ وەستان بەرانبەر ئەم بڕیارانەی کە لەم کابینەیەدا دراون، لە هەموویان گرنگتریش بڕیاری ئەم کابینەیە خستنە بواری جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای چاکسازییە کە نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کراوە، بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا بخرێتە واری جێبەجێکردن، لەوانەیە زۆربەی خەڵکی کوردستان بە هەڵە لەم بڕیارانە تێگەیشتبن یاخود تێگەیەندراون بۆ ئەوەی دژی ئەم بڕیارە بوەستن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لەوە بگەن ئەنجامدانی چاکسازی، جگە لە چەسپاندنی عەدالەت و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی هیچ مەرامێکی دیکەی نییە، ئەوانەشی دژایەتی چاکسازیی دەکەن دیارە چەسپاندنی عەدالەت پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانیانە.

لە چەند رۆژی داهاتوودا دەرمانی پاڵپشتی چارەسەری کۆرۆنا دەگاتە عێراق و هەرێمی کوردستان

د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: بڕیارە دەرمانی چارەسەری کۆرۆنا لە چەند رۆژی داهاتوودا بگاتە عێراق، وەک وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئامادەی بۆ کردووە، کە ئەم دەرمانەش لەلایەن وڵاتی ڕووسیاوە بەرهەم هاتووە و پەرەی پێ دراوە و وەک چارەسەری کۆرۆنا بەکار دێت. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: ئەگەر دەرمانەکە لە ڕووسیاوە بگاتە عێراق، بێگومان دەنێردرێت بۆ هەرێمی کوردستانیش و ئێمەیش لێرە بە نەخۆشەکانمانی دەدەین. د. محمد قادر ڕوونیشی کردەوە: ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار، بۆیە پێویستە هاوواڵتیان زیاتر پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بن و هەرچی پێویستیش بێت وەک حکوومەت ڕێکارەکان دەگرینە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە و کەمکردنەوەی زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

پێشمەرگەی دێرین ئەحمەد عەبدوڵڵا گۆرۆنی کۆچی دوایی کرد




خەبات- سەفەر ژاژۆکی:
دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، پێشمەرگەی دێرین و کەسایەتی دەڤەری باڵەک ئەحمەد عەبدوڵڵا گۆرۆنی کۆچی لە تەمەنی 75 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.دوایی کرد.
خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1945 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی گۆرۆنی سەربە دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە، یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتایەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە کە لەدەستپێکی شۆڕش لە ساڵی 196 لە گەڵ باوکی فەرماندە عەبدوڵڵا ئاغا گۆرۆنی بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات و یەکێک لە بریندارەکانی داستانەکان و باوکی قارەمانیش بە هۆی برینداربوونی لەسەرەتایی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شەهید دەبێت، ڕۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە و دواتر دەبێتە سەرپەل لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و هەروەها یەکێک لەو کەسانەی دەبن لە بارەگای بارزانیی نەمر لە دەڤەری باڵەکایەتی دەپارێزن. ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران دەبن و دوای ساڵێک دەگەڕێنەوە کوردستان و لە لایەن ڕژێمی بەعس نەفی دیوانە دەکرین لە گەڵ برای شەهیدی فەرماندە نەجمەدین گۆرۆنی و دوای 3 ساڵ خۆیان دەگەینە شاخ و بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکەن. بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دەکات لەگەڵ برای فەرماندە نەجمەدین گۆرۆنی و مستەفا گۆرۆنی و کەسوکاریان کە لە ئازادکردنی شارەکانی سۆران و هەولێر و کەرکوک ڕۆڵیان هەبووە و دوای ئاوارەی لە ئێران دەگەڕێنەوە کوردستان لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبێت.

بەڕێرسی لقی دوو دەستخۆشی لە دکتۆر و کارمەندانی تاقیگەی تەندروستی گشتی دەکات



دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ساکار غازی و عزەت جەعفەر و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لق و هەژار عوسمان بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پێشەوا، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی تەندروستی گشتی کرد و لەلایەن دکتۆر دلۆڤان بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و بەڕێوەبەر و دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی تاقیگەکەوە پێشوازیان لێکرا.
لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ تیمی تاقیگەی تەندروستی گشتی، ئەحمەد کانی سوپاسی بەڕێوەبەر و دکتۆر و کارمەندەکانی تەندروستی کرد کە بێ ماندووبوون و سڵکردنەوە خزمەت بە هاوڵاتیان دەکەن و پاراستنی تەندروستیان و ئایندەی وڵاتەکەشیان خستۆتە پێشەوەی ژیان و گیانی خۆیان، دووپاتیشی کردەوە کە ئەو ڕۆژانە دەبنە میۆژوو و لەبیر میللەتەکەمان ناچنەوە.
هەروەها بەڕپرسی لقی دوو ئاماژەی بە دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و گوزەرانی هاوڵاتیان کرد، جەختی کردەوە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بە پشتیوانی و هاوکاری هاوڵاتیان دۆخە تێپەڕێنێت و مەترسی پەتای کۆرۆناش بە هەوڵی دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی دوور خاتەوە. هەر بەو بۆنەوە، ئەحمەد کانی سوپاسی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی کرد کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە کەمکردنەوەی مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتاکە. لەبەرامبەردا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و بەڕێوەبەری تاقیگەی تەندروستی گشتی سوپاسی بەسەر کردنەوە و ستایشی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و بەلێنیان دا بەوپەڕی دڵسۆزی و بێ سڵ کردنەوە لە هەر بارودۆخێکدا دریژە بە خزمەتی هاوڵاتیان و پاراستنی تەندروستیان بدەن.

وەزیری ئەوقاف: با بابەتی خۆپارێزی و جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان کاری لەپێشینە بێت



بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی و ئەندامانی بۆردی وتاری هەیئی، کۆبوونەوەی بۆردی وتاری هەینی بەڕێوەچوو. وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەستخۆشی ئاراستەکردن کە لەماوەی ڕابردوو توانراوە بەشێوەیەکی باش کارەکان ڕاپەڕێنرێن، دواتر ڕوناکی خستە سەر گرنگی بابەتی بوونی وتاری هەینی بەتایبەتی لە قۆناغی هەستیاری ئێستای کوردستان و هاتنە ئارای دۆخی نەخوازراو هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
هەروەها وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند: بابەتی خۆپارێزی و جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان لە کاری لەپێشینە بێت، چونکە ئەرکی هەموو لایەکە لەپاڵ جێبەجێکردنی ئەدا و ئەرکی ئایینی ڕێنمایی هۆشیاری تەندروستی بۆ هاوڵاتیانی ئازیزمان بخەینە ڕوو، هەروەها بڕیاردرا کە لە داهاتوو هەڵسەنگاندن و بەدواچوون بۆ کارەکانی بۆرد بکرێ. لەکۆتایدا ئەندامانی لێژنە بە چەند پێشنیارێکی بەسوود بەئامانجی پێش خستن و گرنگییدان بە وتاری هەینی بەشداریان کرد.

د. سەباح هەورامی: ئەگەر دۆخەکە وابڕوات هەموو بنەماڵەیەکی سلێمانی قوربانیی کۆرۆنایان دەبێت



د. سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند: ئەگەر دۆخی هەر شوێنێکی دیکە وەک سلێمانی بوایە 15 ڕۆژ کەرەنتین دەکرا، بەڵام ئامارژە بەوەش دەکات کە دۆخی تەندروستی سلێمانی بەردەوام ناجێگیری دەڕوات، ڕۆژانە ئەو ژمارەی بڵاودەکرێتەوە دوو هێندە خەڵک تووش دەبێت، بەڵام ئێمە فریای پشکنین ناکەوین، بەشێک هاوواڵتییانیش لە ماڵەوەن و پشکنین ناکەن. هەروەها ڕاشیگەیاند: ئەو ڕێکارانەی تەندروستی سلێمانی داوای دەکات لە شوێنەکانی دیکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لە شاری سلێمانی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە خەڵکی شارەکانی دیکە پارێزراوترن.
دەشڵێت: ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بڕوات هیچ بنەماڵەیەک نابێت لە سلێمانی قوربانی کۆرۆنای نەبێت، هەروەها هیچ خێزانێک نابێ لانی کەم ئەندامێکی خێزانەکەیان تووشی کۆرۆنا نەبێت.
سلێمانی دەشڵێت: سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو هاوکارییەی پێشکەشیان کردوین، جێگەیەکی باش دەگرێت.
بارودۆخی سلێمانی لە ڕووی سیاسی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی ناجێگیرە، لەبەر ئەوە ژووری ئۆپەراسیۆن نەیتوانیوە ئەو بڕیارە بدات.
بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی دەشڵێت: ئەگەر دۆخەکە وابڕوات هەموو بنەماڵەیەکی سلێمانی قوربانیی کۆرۆنایان دەبێت.

پۆلیسی هەولێر
تۆمەتبارێک دەستگیر دەکات

لەراگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە کە ئەو تۆمەتبارەیان دەستگیر کرد، کە ماوەی 2ڕۆژ هاوسەرەکەی و دوو منداڵی خۆی لە گەرماودا کەلەپچە کردبوو و هەڕەشەی کوشتنیشی لە هاوسەرەکەی کردبوو. ڕاشیدەگەیەنن، تۆمەتبارەکە بە ناوی (ف.ف.م) کە خۆی و هاوسەرەکەشی تورکن، لە کاتی دەستگیرکردنیدا دەمانچەیەکی بێ مۆڵەتیشی لە دەست گیرا، کە دواتر دانی نا بە تاوانەکەیدا. پۆلیسی هەولێر ئامارژە بەوەش دەکات کە تۆمەتبار بەپێی ماددە 7ی خێزانی، بەند کرا و ڕووبەڕووی یاسا کرایەوە.

لە پیشەسازیی باشووری هەولێر ئاگرێکی گەورە کەوتەوە



نیوەڕۆی دوێنێ شەمە ئاگرێکی گەورە لە پیشەسازیی باشووری هەولێر کەوتووەتەوە.
لەمبارەوە پەیامنێری باسنیوز ئاشکرای کرد: ئاگرەکە لە کاتی نیوەڕۆی دوێنێ شەمە 2020/6/20 لەسەر ڕێگای مەخمور و لەناو پیشەسازیی باشووری هەولێر کەوتووەتەوە و چەند کۆگایەکی ئۆتۆمبێل ئاگریان گرتووە.
هەتا ئێستا لەبارەی زیانە گیانی و مادییەکانی ئەو ڕووداوە هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نەزانراوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حەمەد گۆرۆنی
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان، کەسایەتی تێکۆشەر و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و پارتیمان، خوالێخۆشبوو مام حەمەد گۆرۆنیی کوڕی شەهید عەبدوڵڵا ئاغای گۆرۆنی و بڕای شەهیدان وەسمان و نەجمەدین گۆرۆنیمان، پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، بە هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەمووڵایەک ببەخشێ و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ملا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کادیر و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر و، دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و پارتیمان، خوالێخۆشبوو ملا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خزم و کەسوکار و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو دەکەین و بە هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەمووڵایەک ببەخشێ و گیانی مامۆستای کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی حەماغای کانەبی ئاغا
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و، کەسایەتی دیاری عەشیرەتی ئاکۆیی، خوالێخۆشبوو حاجی حەماغای کانەبی ئاغامان، پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خزم و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و بە هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەمووڵایەک ببەخشێ و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بۆ هاوکارمان ئاکۆ عەبدوڵڵا
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهشت شادبکات و سەبووری بەخانەوادەکەتان ببەخشێ.
انا لله وانا الیه راجعون
خەبات

سوپاس و پێزانین

بە ناوی خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محمدامین گوێزلێنگەیی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و ڕێزدار سەرۆکی هەرێم جەنابی کاک نێچیروان بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕێزدار کاک مسرور بارزانی و جەنابی کاک سیداد بارزانی، جەنابی فەرماندە ڕەوان بارزانی و شیخ یوسف بارزانی دەکەین کە لە ڕێگای پەیام و پەیوەندی تەلەفۆنیەوە هاوخەمان بوون لە پرسەی باوکی خوالێخۆشبومان. زۆر سوپاسی مەکتەبی سیاسی پارتیمان و ئەندامانی سەرکردایەتی، بەرپرس و ستافی لقی 26ی گوڵان و لقی 10ی پارتیمان، بەرپرسی حزبی و حکومی و وەزیرە بەڕێزکان و پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق و فەرماندە سەربازییەکان و حزب وڵایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان و هەموو ئەو بەڕێز و خۆشەویستانە دەکەین کە لە کوردستان و هەندەران پرسەو سەرەخۆشی خۆیان پێ ڕاگەیاندوین و هاوخەمان بوون.
زۆر سوپاسی هەموو خزم و کەسوکار و ناسیاو دوست و هەڤالانی خوالێخوشبو دەکەین کە لەسەر قەبران و لەکاتی بەخاکسپاردنیدا بەشداربوون. هاوخەمی و دڵنەواییتان سەبر و ئارامی پێ بەخشین و مایەی شانازی و تەقدیری خانەوادەکەمانە. خودای گەورە گیانی پاکی مامۆستا-مان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
زۆر داوای لێبوردن دەکەین کە بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پابەندبوونمان بەرینماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمانتوانی لەخزمەتی ئێوەی ئازیز و خۆشەویست دابین، خوا سەبوری هەموو لایەکەمان بدات ئینشائەللا.
ستار مەلا محمد امین
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/6/21 ژمارە (5957)

دهۆک.. پابەند بوون بە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا

جێگری پارێزگاری دهۆک بە وەکالەت: چەند لیژنەیەکی گەڕۆکمان دروستکردوون و ئەو شوێنانەی کە پابەند نابن بە ڕێنماییەکان سزا دەدرێن

خاوەنی سوپەرمارکێتێک: ڕێگە نادەین هیچ کارمەندێکمان بەبێ بەستنی دەستکێش و ماسک لەناو مارکێتەکە کاربکات

خەبات: دهۆک

تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و زیادبوونی مەترسییەکان، وای لە خەڵکی دهۆک کردووە زیاتر لە ڕابردوو پابەندی ڕێنماییەکان بن. دوای زۆربوونی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID_19) لە هەرێمی کوردستان، خەڵکی پارێزگای دهۆک بە شێوەیەکی بەرچاو پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنان و لە هەموو شوێنێک ماسک و دەستکێش بەکاردێنن.



یەکێک لە کێشەکانی کەرتی تەندروستی لە پارێزگای دهۆک بێ بڕوایی خەڵک بوو بە مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام دوای زۆربوونی مەترسی ڤایرۆسەکە لە پارێزگاکەدا ئیتر زۆربەی خەڵک کاتێک کە دەچنە دەرەوە یان دەچنە سەر ئیش، دەمامک و دەستکێش بە کاردێنن و تارادەیەکی زۆر خەڵک هەست بە مەترسی ڤایرۆسەکە دەکەن.

بەستنی ماسک لە پارێزگای دهۆک بووتە نەریتێکی باو و کاتێک دەچیتە شوێنێکی گشتی یان بە ناو بازاڕدا دەگەڕێی کەم کەس دەبینی کە ماسکی بەکار نەهێنابێت، جگە لە دەرمانخانەکان لە ناو بازاڕیش دەبینی کە چەندین کەس هەن ماسک دەفرۆشن وەک چون پێش ئێستا هەندێک کەس دەتبینین کە کارتی مۆبایل یان ئاو یان هەر شتێکی تر کە پێویستییەکی سەردەکی هاوڵاتیانە بە دەستیەوەیە و دەیفرۆشێت، ئێستا چەندین کەس دەبینی کە ماسکی بەدەستەوەیە و دەیفرۆشێت. لە پارێزگای دهۆک کێشەی کەمی ماسک نییە و لە هەموو شوێنەکان چەندین جۆری ماسک بەدەست دەکەوێت کە زۆرینەی خەڵک دوو جۆر بەکاردێنن یەکێکیان هەمیشەیی و دەتوانرێت بشۆردرێت و بە هەزار دینارێک عێراقی لە دەرمانخانەکان و ناو بازاڕ دانەی دەفرۆشرێت و جۆرێکی تر کە کاتییە و تەنیا بۆ یەکجار بەکاردێت بە پێنج سەد دینارێک عێراقی دەست دەکەوێت.

بۆ زیاتر هاندانی خەڵک بە مەبەستی بەکارهێنانی ماسک، پێشتر پارێزگاری دهۆک یەک ملیۆن ماسکی تەرخانکردبوو و لە ڕێگەی دامودەزگا حکوومییەکان لە شوێنە جیاوازەکان وەکو بازاڕ و لە ترافیک لایتەکان بە سەر خەڵکدا دابەشی کردن.

بەپێی بڕیاری ژووری نۆپەراسیۆنی پارێزگای دهۆک هەموو شوێنەکانی کارکردن دەبێت لە بەردەرگا مێزێک دابنێن و هەرکەسێک پێش بچێتە نێو شوێنەکە پێویستە تافیلکەر بەکار بێنێت و دەستکێش و ماسک بەستێت، دواتر بچێتە نێو شوێنەکە، بەپێچەوانەیشەوە تووشی سزای دارایی دەبێت، بڕیە لە هەموو دووکان و مارکێت و سوپەرمارکێتەکان دەبینی مێزێک لە بەر دەرگا دانراوە و هەموو پێداویستییەکانی خۆپارێزی لەسەر دانراون.

جێگری پارێزگاری دهۆک بە وەکالەت ماجد سەید سالح لە لیدوانێکدا دەڵێت: دوای قوناغی ئاسانکارییەکان وەکو ژووری نۆپەراسیۆنی پارێزگای دهۆک بڕ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرونا، چەند لیژنەیەکی گەڕۆکمان دروستکردن لە تیمەکانی تەندروستی و پۆلیس و گەشتوگوزار، بڕ ئەوەی لە ناو بازاڕ و شوێنەکانی کارکردنی هاوواڵتیان بگەڕێن و ئیشی ئەم لیژنانە هوشیارکردنی هاوواڵتیانە لەسەر مەترسی ڤایرۆسەکە و ئەو شوێنانەش کە پابەند نابن بە ڕێنماییەکان سزادەدرێن جا چ سزای دارایی بێت یان داخستنی ئەو شوێنە بە پێی یاسا.

ماجد سەید سالح گوتیشی: ئەو لیژنانەی گەڕۆکن لە هەموو قەزایەکانی پارێزگای دهۆک هەن و ژمارەی ئەو لیژنانەش بە پێی پێویستی هەر شوێنێکە کە تەنیا لە ناوەندی شاری دهۆک زیاتر لە 10لیژنە هەیە.

یەکێک لە خاوەن سوپەرمارکێتەکانی ناو شاری دهۆک بە ناوی بەختیار ئاکرەیی لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا گوتی: ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر مەترسیدارە، بۆیە دەبێت هەموومان پابەندی ڕێنماییەکانی حکوومەت بین و خۆمان بپارێزین، وەکوو سوپەرمارکێتەکەمان هەموو کارمەندەکانمان زۆر پابەندن بە ڕێنماییەکان و ئێمە ڕێگە نادەین هیچ کارمەندێکمان بەبێ بەستنی دەستکێش و ماسک لەناو مارکێتەکە کاربکەن تا کۆتایی دەوامەکەیان.

بەختیار ئاکرەیی گوتیشی: لە بەر دەرگای مارکێتەکە مێزێکمان داناوەو کارمەندێکمان تایبەتمەند کردووە کە هەرکەسێک پێش بێتە نێو مارکێتەکە پێی دەڵێت تافیلکەر بەکارێنێ و ماسک و دەستکێشی پێی دەدات پاشان کەسەکان دێنە نێو مارکێتەکە و بڵندگۆیەکمان لە نێو مارکێتەکە داناوە کە بەردەوام بۆ ماوەی 24کاتژمێر ڕێنماییەکانی خۆپارێزی تیایدا بە کپارەکامان دەدرێت بۆ ئەوەی خەڵک زۆرتر خۆیان بپارێزن. یەکێک لە هاوواڵتیانی شاری دهۆک بە ناوی محەمەد ئەحمەد کە بۆ شت کڕین چووبوە بازاڕ و دەستکێش و ماسکی بەکار هێنابوو، گوتی: خۆپارێزی لەم قۆناغەدا ئەرکی سەر شانی هەموومانە و ئەگەر ئێمە پێگیری بە ڕێنماییەکانی تەندروستی نەکەین تووشی کارەسات دەبین و خوای گەورەش فەرمانمان پێ دەکات کە لەم بارودۆخانەدا خۆمان بپارێزین و دەقە ئاینییەکانیش باسی ئەم بابەتەیان کردووە.





دەڵێن نێو دووکانەکە ماسکیان بەستووە و ئێمە پێیان دەڵێین پێش ئەوەی بێنە نێو دووکانەکە ماسک لەبەر بکەن کە لە بەردەرگا دامانناون.

ئەو دوکاندارە گوتیشی: ئێستا کەم خەڵک دێنە دەرەوە و ئیشی ئێمەش زیاتر بووەتە ئۆنلاین و خەڵک لە ماڵەوە شت داوا دەکەن و ئێمە بۆیان دەگەیەنین بۆ ئەوەی زیاتر پارێزراوبن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لە سەردەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە پارێزگای دهۆک تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە 136حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە لە 92نەخۆشی هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکان دا هەن لە سنووری پارێزگای دهۆک کە دابەشکراون بەسەر سێ نەخۆشخانەی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

دوکاندارێک: ئیشی ئێمە زیاتر بووەتە ئۆنلاین و خەڵک لە ماڵەوە شت داوا دەکەن و ئێمە بۆیان دەگەیەنین

ناوبراو گوتیشی: وڵاتانی پێشکەوتوو تووشی کارەسات بوون لەبەر ئەوەی خەڵکەکەیان خۆیان نەدەپاراست، جا ئێمە کە کێشەی دارایی و ئەمنیمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەم ڤایرۆسەش زۆر بڵاو ببێت، تووشی کارەساتی زۆر گەورە دەبین، بۆیە دەبێت هەموو هاوواڵتییەک هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و پێگیری بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بکات. دوکاندارێکیش بە ناوی ئەلەند حسێن لە بارەی خۆپارێزی گوتی: ئێمە کە دێینە شوێنی کارەکەمان ماسک و دەستکێش بە کاردێنین و کپارەکانیشمان زۆربەیان کە کۆرۆنا لە هەڵگشانی یەکەمدا، زۆر بەخێرایی دۆخەکە هێورکرایەوە و ڕێکارەکان ئاسایی کرانەوە و ڕێنماییەکان سووکتر کران و ئەمەیشی بە هۆکاری سەرەکی سەرلەنوێ هەڵگشانەوەی ژمارەکان زانی و لەوبارەیەوە گوتی: لە کاتێکدا ئەگەر هەبوو کە ڤایرۆسەکە لەناو خەڵکدا دەتوانین ئەو ژمارەیە دیاری بکەین.

ئازاد مستەفا سەبارەت بە هۆکاری هەڵگشانی دووەمی ژمارەی تووشبووان دوای ئەوەی کە ماوەیەک نەخۆشیەکە لەنێو نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانی هەرێمدا نەمان پێی وایە کە دوای نەمانی تۆمارکردنی حاڵەتەکانی تووشبوون بە بەوەدەکات کە بەپێی ئەو داتا جیهانییانەی لەبەردەستدایە لە کۆی هەر 100کەسێک، تەنها 20یان نیشانەکەیان تیادا دەردەکەوێت، لەوانەش 10%واتا 10کەسیان بەقورسی دەیگرن و ڕێژەی مردن 2%دەبێت و گوتی: بەو پێیە چاوەڕوان دەکەین کە ئێستا زیاتر لە 100کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە لەنێو خەڵکدا هەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نیشانەیان نییە، ئێمەش تەنها ئەوانە لەئەستۆ دەگرین کە نیشانەیان هەیە ئەو ژمارەیە تا ئێستا دیار نییە، چونکە ئێستا ڤایرۆسەکە لەنێو خەڵکدایە، بەڵام ژمارەکەی نەزانراوە تەنها بە خەملاندن کۆرۆنا لە هەڵگشانی یەکەمدا، زۆر بەخێرایی دۆخەکە هێورکرایەوە و ڕێکارەکان ئاسایی کرانەوە و ڕێنماییەکان سووکتر کران و ئەمەیشی بە هۆکاری سەرەکی سەرلەنوێ هەڵگشانەوەی ژمارەکان زانی و لەوبارەیەوە گوتی: لە کاتێکدا ئەگەر هەبوو کە ڤایرۆسەکە لەناو خەڵکدا بێت، بەڵام زۆر بەخێرایی ڕەوشەکە ئاسایی کرایەوە و ڕێنماییەکان شلکرانەوە، هاوکات پابەندنەبوونی هاوواڵتیان بە ڕێنماییەکانەوە.

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای هەڵەبجە، ئازاد مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە بایکۆتی دەوامی کارمەندانی تەندروستیی لە هەڵەبجە زۆر کەمە و نەخۆشخانەکان کارەکانی خۆیان دەکەن بێ سڵەمینەوە و گوتی: بەحوکمی ئەوەی ئێمە لێرە کارمەندانی تەندروستیی و پزیشکان خزمی یەکترین و کەسوکاری خۆمان دێت پێویستی پێمانە، هاوکات چەندین کارمەند و پزیشکی لەخۆبوردوو لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون و هەڵەبجەییەکان بە کەسوکاری خۆیان دەزانن، بەردەوامن لە کارکردن، بگرە هەندێک لە پزیشکان هەن کە ڕاژەکانیان گواستۆتەوە بۆ نەخۆشخانەی کۆرۆنا، تاکو بتوانن زیاتر خزمەت بکەن لەو بوارەدا کە ئێستا خەڵکەکە پێویستی پێیانە.

هەڵەبجە.. خێرا شلکردنەوەی ڕێنماییەکان وایکرد کە دۆخەکە ئاڵۆز و سەختتر بێت

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی پارێزگای هەڵەبجە: لە کۆی هەر 100کەسێک، تەنیا 20 یان نیشانەکەیان تیادا دەردەکەوێت

ئازاد مستەفا: بایکۆتی دەوامی کارمەندانی تەندروستیی لە هەڵەبجە زۆر کەمە

خەبات: هەڵەبجە

پارێزگای هەڵەبجە کە سنووری لەگەڵ ئێراندا هەیە و بەو پێیەی ژمارەیەکی زیاتر ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لەو وڵاتە بەربڵاوە، بەڵام کەمترین ڕێژەی تووشبوون لەو پارێزگایە تۆمار کراوە. تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە 74حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە تۆمار کراوەو 33 کەس چارەسەرکراون و لەئێستادا، 39حاڵەت لەژێر چاودێری پزیشکیدان و دۆخی تەندروستیی ژمارەیەکیان ناجێگیرەو دوو کەسیش گیانیان لەدەستداوە.



بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای هەڵەبجە، ئازاد مستەفا سەبارەت بە دۆخی ئێستای پارێزگاکە لەبارەی تووشبووانی کۆرۆناوە ئاماژەی بەوەدا کە هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان ژمارەی تووشبووان لە هەڵکشاندایە و گوتی: هەڵکشانی دووەم لە ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا پارێزگای هەڵەبجەیشی گرتووەتەوە، بەڵام ئەمجارە دۆخەکە سەختترە، حاڵەتەکە پێچەوانە بۆتەوە، پێشتر لە هەڵکشانی یەکەمدا خۆمان دەچووین ڕووپێویان دەکرد و لە گەڕەک و ماڵەکاندا کەسانی تووشبوومان دەدۆزیەوە، بەڵام ئێستا خۆیان هاوواڵتیان بە نەخۆشی و بەهۆی ئازاری جەستەیانەوە دێنە نەخۆشخانەی وەفا و لەوێ دوای پشکنین کە بۆمان دەردەکەوێت تووشی کۆرۆنا بوون دەیانخەوێنین لەو نەخۆشخانەیە کە توانای لەخۆگرتنی 60نەخۆشی هەیە، واتا ئێستا سەرنج دەدەینە ئەو نەخۆشانەی کە نیشانەیان هەیە کە لە میانی 10ڕۆژدا، 22 حاڵەت داخڵکراون لە نەخۆشخانەکەدا.

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای هەڵەبجە، ئازاد مستەفا سەبارەت بە ئاماری تووشبووانی کۆرۆنا لە پارێزگاکە بە نزیکەیی ئاماژە بەوەدا کە ئێستا زیاتر لە 100کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە لەنێو خەڵکدا هەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نیشانەیان نییە، ئێمەش تەنها ئەوانە لەئەستۆ دەگرین کە نیشانەیان هەیە ئەو ژمارەیە تا ئێستا دیار نییە، چونکە ئێستا ڤایرۆسەکە لەنێو خەڵکدایە، بەڵام ژمارەکەی نەزانراوە تەنها بە خەملاندن دەتوانین ئەو ژمارەیە دیاری بکەین.



ئازاد مستەفا سەبارەت بە هۆکاری هەڵگشانی دووەمی ژمارەی تووشبووان دوای ئەوەی کە ماوەیەک نەخۆشیەکە لەنێو نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانی هەرێمدا نەمان پێی وایە کە دوای نەمانی تۆمارکردنی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەڵگشانی یەکەمدا، زۆر بەخێرایی دۆخەکە هێورکرایەوە و ڕێکارەکان ئاسایی کرانەوە و ڕێنماییەکان سووکتر کران و ئەمەیشی بە هۆکاری سەرەکی سەرلەنوێ هەڵگشانەوەی ژمارەکان زانی و لەوبارەیەوە گوتی: لە کاتێکدا ئەگەر هەبوو کە ڤایرۆسەکە لەناو خەڵکدا بێت، بەڵام زۆر بەخێرایی ڕەوشەکە ئاسایی کرایەوە و ڕێنماییەکان شلکرانەوە، هاوکات پابەندنەبوونی هاوواڵتیان بە ڕێنماییەکانەوە.

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای هەڵەبجە، ئازاد مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە بایکۆتی دەوامی کارمەندانی تەندروستیی لە هەڵەبجە زۆر کەمە و نەخۆشخانەکان کارەکانی خۆیان دەکەن بێ سڵەمینەوە و گوتی: بەحوکمی ئەوەی ئێمە لێرە کارمەندانی تەندروستیی و پزیشکان خزمی یەکترین و کەسوکاری خۆمان دێت پێویستی پێمانە، هاوکات چەندین کارمەند و پزیشکی لەخۆبوردوو لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون و هەڵەبجەییەکان بە کەسوکاری خۆیان دەزانن، بەردەوامن لە کارکردن، بگرە هەندێک لە پزیشکان هەن کە ڕاژەکانیان گواستۆتەوە بۆ نەخۆشخانەی کۆرۆنا، تاکو بتوانن زیاتر خزمەت بکەن لەو بوارەدا کە ئێستا خەڵکەکە پێویستی پێیانە.

د. ئەفراح یاسین، سەرۆکی بەشی پەروەردەی تایبەت لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین بۆ خەبات:

بەهیچ جۆرێک نابێت بەبێ پشکنین منداڵی ئۆتیزم و ئاسایی تێکەڵ بکرێت



دیانە / ڕۆشنا عەلی

کێشەی منداڵانی پەروەردەی تایبەت کێشەیەکی سەرەکی ناو خێزان و ناوەندەکانی خوێندن چ لە باخچە و قوتابخانە حکومییەکان یان ناحکومییەکان هەمیشە پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەم دوو جۆرە لە منداڵ تێکەڵ بکرێت؟ زۆربەی کاتیش دایکانی منداڵی ئۆتیزم زۆر لە بەرێوەبەرانی باخچەو قوتابخانە ئاساییەکان دەکەن کە منداڵەکەیان بۆ وەربگرێت بەو هیوایەی لە ناو منداڵی ئاسایی باشتر ببێت و شیفا بێت بۆی، لە کاتێکدا نایانەوێت ببیانەنبەنە سەنتەرەکانی پەروەردەی تایبەت کە تایبەتە بەوان دەپرسین هۆکار چییە و ئایا تاچەند ئەم تێکەڵکردنە ئاساییە لایەنە ئەرێنییەکەی بۆکام لە منداڵەکانە ونەرێنییەکەی بۆ کامییانە ئاساییەکە یان ئۆتیزمەکە؟

*** پەروەردەی تایبەت لە کوردستان تاچەند گرنگی پێدراوەو کێ دەگرێتەوە؟**

ـ ئەوبەشە یەکێکە لەبەشە گرنگەکانی کۆلێژی پەروەردە و زۆر نوێیە ئێستا ئێمە لە کوردستان زۆر پێویستمان بەو بەشانەیە کە بەداخەوە گرنگی پێنادەین ئێمە پار ویستمان کۆنفرانسێکی تایبەت بکەین لەسەر پەروەردەی تایبەت ، بەڵام لەبەر ئەوەی پسپۆڕ کەمن ئێستا وا هانگاوێکمان ناوە و دکتۆرامان کردۆتەوە بۆ ئەوەی کادری ئەکادیمی بەهێزی تیا بەرهەم بێت و بتوانن خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن کە بتوانین لە ئایندە سەنتەر بکەینەوە هەر لەبەشەکەمان بە خۆڕایی بۆ خەڵک ، بۆ نموونە کێشەی ئۆتیزم کە تا بێت زۆر دەبێت و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەشی دەکرێن دڵنیایی لەوە دەکەنەوە کە پاش دەسااڵی دیکە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین هەر منداڵێک بێتە سەر دنیا ئۆتیزمی هەبێت ، بۆیە ئێمە پێویستمان بە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە هەیە کە گشت لایەنەکانی ئۆتیزم و جۆرەکانی بگرێتەوە ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەوانە دەرچووین بیانەنبەنە سەنتەرەکانی پەروەردەی تایبەت کە تایبەتە بەوان دەپرسین هۆکار چییە و ئایا تاچەند ئەم تێکەڵکردنە ئاساییە لایەنە ئەرێنییەکەی بۆکام لە منداڵەکانە ونەرێنییەکەی بۆ کامییانە ئاساییەکە یان ئۆتیزمەکە؟

ماستەرمان بە کرداری بۆ ئەوەی لە ئاماژەکانی منداڵی ئۆتیزم تێبگەن ، بۆ نموونە منداڵێک تێکەڵاو بوونی نییە ، سەیری چاوت ناکات و قسە ناکات ڕەنگە زۆر بەهرەی هەبێت لەگەڵ ئەو پسپۆڕانە دەتوانین بیهێنینە سەر خەت کە چۆن چالاکی هەبێت و ئەو کێشانەی نەمێنێت ئێمە دەبێت پسپۆڕمان هەبێت کە ئەو نزیکییە دروست بکات و لەو حاڵەتانە تێبگات کە زۆر جار دایک دەڵێت من نازانم بە دەست منداڵە کەمەوە چی بکەم؟

*** ئێمە کۆمەڵێک سەنتەری ئۆتیزمان هەیە لە کوردستان کە ڕەنگە ئێوەش شارەزا بن زۆرێکییان ئەهلین و حکومیشمان هەیە چۆن ئەم سنتەرانە هەڵدەسەنگێنن ئایا پێتان وایە پەروەردەییانە و تەندروستییانە کار بکەن؟**

ـ ڕاستە ئێمە چەند سەنتەرێکمان هەیە بە سوپاسەوە قوتابییەکانی ئێمە چ بەکاڵۆریۆس وانە پڕاکتیکییەکان دەیانبەینە ئەوێ ئێمە پێمان باش بوو خۆمان تاقیگەمان هەبێت لەبەشەکەمان کە ئەمسااڵ زۆر گۆڕانکاریمان کرد تاقیگەیەکی سادەمان هەیە ، سەنتەرەکانی وەک نابیناو نابیستان و سەنتەری ئۆتیزمی ئیماراتی و باهۆز قوتابخانەی کەنەدی زۆر هاوکارن لەگەڵ ئێمە و قوتابییەکانمان لە کاتی ڕاهێنان لە قۆناغی چوار دەچن لەوێ پڕاکتیک دەکەن ، پێشتر قوتابی پەروەردەی تایبەت بوو لە کاتی پڕاکتیک دەچوون لە قوتابخانەکان وانەیان دەگوتەوە کە هەڵەیە ، ئەو چ وانەیەک ئەڵێتەوە ، بۆیە هەستام هەڵسەنگاندنی فۆرمەکانم گۆڕی ئێستا ئەوانە دەچن لەسەنتەرەکان وانەی پڕاکتیکی ئەخوێن هەندێکیشمان هەیە دەچن لە قوتابخانە کانی بەهرەداران ڕاهێنان دەکەن.

تاچەند ئاساییە منداڵی ئۆتیزم لەگەڵ منداڵی ئاسایی تێکەڵ بکرێت ئایا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی چین ؟

لەڕاستییا بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کەکراوە بۆغوونە ئەوانە جۆریان هەیە ئەوانەی کەزۆر تووند جولەیان نائاساییە ناکرێت تێکەڵ بە منداڵی ئاسایی بکرێت چونکە ، ئەوانە قورسە لەگەڵ منالی ئاسایی بن فێربوون و نوسینییان قورسەو بە ئاسانی فێرنابن بۆیە پێویستییان بە ڕێگای تایبەتە بۆ فێربوون و هەتا خێزانەکانیش زانیاربیان نییە وە بە پێی حاڵەتی ئۆتیزمەکەیە کە دەبێت پزیشکی دەروونی و ڕاپەری پەروەردەیی بڕیار بدات کە ئایا ئەو قوتابییە ئەتوانێت تێکەڵ بێت یان نا ،چونکە هەندێکییان ئۆتیزمن ،بەڵام خاوەن بەهرەن لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت پشت بە دیاریکردنی حاڵەتەکە ببەستین هەرگیز نابێت کارەساتە بەبێ پشکنین منداڵی ئۆتیزم و ئاسایی تێکەڵ بکرێت دەبێت بە چەند هەنگاو پشکنین بکرێت بۆغوونە لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵەکە کە ئایا دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ منالەکانی تر بکات ئەگەر بەزۆر ناردت هەست ئەکات غەریبەو ڕەنگە بارودۆخی زۆر خراپتر بێت لەم کاتەدا ئەگەر توانی هەڵس و کەوتیش بکات ئەوا دەبێت مامۆستایەکی تایبەت هەبێت کە گرنگی پێ بدات و بارودۆخی ئەوانی تریش تێک نەچێ.

*** لە ئێستادا لە زۆربەی باخچەو قوتابخانەکان ئەمجۆرە منداڵە هەیە و تێکەڵ کراون بێ هیچ پشکنین و لێکۆڵینەوەیەک ئێوە بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە کاری بەشەکەی ئێوەیە کۆنفرانسێکی تایبەت بکەن بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کەوەک خۆتان ئەڵێن بۆ هەردوو جۆری منالکە کارساتە پێشنیار بکەن؟**

ـ بەڕاستی من ئەوەم وتووە کە ئێمە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار هاوکارمان بێت وەک وەزارەتی تەندروستی وەزارەتی پەروەردە بەڵێ بە نیازین لە ئایندە کۆنفرانسێکی لەو جۆرە بکەین لەسەر پەروەردەی تایبەت لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن هەتا لەگەڵ سەنتەرەکانی ئۆتیزم کە دەبێت بەشدار بن بۆ ئەوەی باس لە لایەنە بکرێت و چارەسەر بکرێت.

*** ئایا پێوەر هەیە بۆ جیاکردنەوەی منداڵی بەهرەدارو ئایا ئەو پێوەرانەی لە کوردستان کاریان لەسەر دەکرێت تاچەند پێوەری دروستن؟**

ئ ێمە ناتوانین پشت بە هەموو پێوەرێک ببەستین کە زۆر پێوەر هەیە ئەگەر گونجاندنی بۆ نەکرێت بۆ کۆمەڵگای عێراق و بەتایبەت بۆ کوردستان هیچ پشتی پێنابەسترێت ،بەڵام هەندێک هەیە بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی ڕاڤن هەیە کە گونجانی بۆکراوە بۆ کۆمەڵگای عێراق لەلایەن د. فخری دباغ کە پشت بە زیرەکی دەبەستێت تەمەنەکان بەپێی ئەم پێوەرە دیاری کراوەو ئەم پێوەرە یەکێکە لەوانەی کە بەکاردێت.





بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەکرێن دڵنیایی لەوە دەکەنەوە کە پاش دەسااڵی دیکە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین هەر منداڵێک بێتە سەر دنیا ئۆتیزمی هەبێت



ڕەسوڵ حەمەدەمین

قوتابی چۆن خۆی ئامادە بکات بۆ تاقیکردنەوەکان؟

مرۆڤ هەرکارێک بکات، ئەگەرشەوق و خۆشەویستی بۆ ئەم کارە نەبێت ، مەحاڵە تاسەر بتوانێت بەردەوام بێت ، چونکە شەوق و خۆشەویستی داینەمۆیی بەکارخستنی ماکینەی هەرکارێکە ، چونکە بەردەوام هێز و وزە بەمرۆڤ دەبەخشێ ، بۆیە ئەگەر مرۆڤ گەرەکی بێت هەرکارێک بکات ، دەبێ ئەوکارە لەسەر بنچینەی شەوق و خۆشەویستی دامەزرابێت.

خوێندنیش دەچێتەهەمان خانەوە ، زۆرن ئەو قوتابیانەی توانایەکی بێ سنووریان هەیە ، بەڵام شەوق و خۆشەویستیان بۆ خوێندن نیە ، یاخود بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار ساردبوونە لەخوێندن بۆیە بە ساردی بەتەک پرۆسەی خوێندنەوە دێن و ئەنجامێکی باش و خوازراو بەدەستناهێنن. پێویستە قوتابی یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی ئەوەبێت بە هیوا و شەوقەوە ڕوو لەپۆلەکانی خوێندن بکات و خوێندن بەسەربەرە نەبێتە بارێکی قورس ، بەپێچەوانەوە ، دەبێ خوێندن پەیژەیەک بێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەکانی بەرەو ئاسمانی شارستانیەت ، چونکە قوتابیان بربڕەی پشتی هەموو کۆمەڵگایەکن ، لەم سۆنگەیەوە قوتابی دەبێ وربەبەرز و هیمەت بڵند بێ ،چونکە بەبێ بوونی وردیەکی بەرز مەحاڵە قوتابی بتوانێ لەژیانیدا سەرکەوتوو ببێت و ببێتە کەسێکی داهێنەر و بونیادنەر و دروستکەری شارستانیەت.

لەدوای هەنگاوی یەکەمی قوتابی پێویستە ئاشنایەتی لەگەڵ گشت شێوازەکانی خوێندنەوە پەیدابکات ، هەرلەخوێندنەوەی بەدەنگ و خوێندنەوەی بێدەنگ و خوێندنەوەی بەچاو و خوێندنەوەی خێرا ..... تاد ، ئینجا ئەم شێوازە هەڵبژێرێ کەلەگەڵ توانا جەستەیی و هزریەکانی دەگونجێ و دەزانێ لەڕێگەی ئەو شێوازەوە دەتوانێ زووتر مەبەستەکانی بپێکێت و بەکەمترین ماوەلەزۆرترین بابەت تێبگات ، پێویستە قوتابی شوێنێکی تایبەت بۆ خوێندن دیاری بکات جا ئەم شوێنە لەماڵەوە بێت یاخود لەدەرەوەبێت گرنگی ئەم شوێنە لەوەدابێت دووربێت لەهاش و هووش و جەنجاڵی و هاتووچۆ و دەنگە دەنگ تاوەکو بەئارامی سوود لەم خوێندنە ببینێت کەدەیکات. قوتابی دەبێ چوارچێوەیەک بۆ ئەو بابەتانە دیاری بکات کە دەیخوێنێتەوە ، واتە لەیەک کات و ساتدا چەندین بابەت ئاوێتەی یەکتر نەکات و نەیکاتە چێشتی مجێور ، بەڵکو هاوسەنگییەک لەنێوان بابەتەکانی و کاتەکەیدا دروست بکات ، چونکە دیاریکردنی بابەتەکان و پڵێنکردنیان ئاسانکاری بۆ قوتابی دەکات تاوەکو باشتر بەرچاوی ڕۆشنبێت و سوودببینێ ، لەتەک ئەمەشدا پێویستە کاتێکی گونجاو بۆ خوێندن دیاری بکات، چونکە هەموکاتێک گونجاو نیە بۆخوێندن بەتایبەتی کاتی خەوهاتن و درەنگانی شەو و کاتی هیلاکی و ڕوودانی کێشە و گرفتی خێزانی و ڕۆژانی سەیران و ماتەمێن و ناخۆشی و خۆشی ... تاد، بەپێی پڵێنی دەروناسان باشترین کات بۆخوێندن ئەم کاتەیە کەقوتابی لەڕووی جەستەیی و ئەقڵی و دەرونیەوە ئامادەباشی تەواوی تێدابێت. یەکێک لەهەنگاوەگرنگەکانی قوتابی ئەوەیە ببیر لەتاقیکردنەوەکانی بکاتەوە نەک ئەنجامەکانی ، زۆرێک لەقوتابیان ئەوەندەی بیر لەئەنجامی تاقیکردنەوە دەکەنەوە بیر لەخودی تاقیکردنەوەکە ناکەنەوە ، دووریش کەوێتەوە بەهەموو شێوەیەک لەگزی کردن چونکە گزی جۆرێکە لەجۆرەکانی دزیکردن ، ئەوکەسەی گزی دەکات جیاوازی نیە لەگەڵ کەسێ کەپارە ئەدزێت یان هەرشتێکی تر ، حەیفە زۆرێک لەقوتابیان لەجیاتی کۆشش و خۆماندووکردن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری ، پەنا بۆ پەتای قۆپیاکردن دەبەن و دەردەکەیان بەم ڤایرۆسە چاردەکەن ، کەزۆر لەخودی دەردەکە کوشندەترە ، بۆیە پێویستە بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆیان ڕێگای زانست و زانیاری بگرن و دوورین لەگزی وەک وتراوە: گەورەترین هەڵە کەمرۆڤ بەرامبەر خۆی دەیکات فێڵ لەخۆکردن و خۆلەخشتە بردنە.

قوتابخانەیەک ئەنجامی قوتابییە یەکەمەکان و دەرچووی قۆناغەکان دەباتەوە ماڵەکانیان



خەبات/ ڕۆشنا:

قوتابخانەیەک ئەنجامی قوتابیانی سەرکەوتوو ئەو قوتابیانەی کەلە قۆناغی دەرچوندان بۆ قۆناغی ئایندە وەک قۆناغی دووەمی باخچەو شەشەمی بنەڕەتی و هەشتەمی دوانەوەندی دەباتەوە ماڵەکانیان و هەر لەوێش وێنەی دەرچوون لەگەڵ قوتابیان دەگرن.

قوتابخانەی بەریتانی نێودەوڵەتی لە ڕێوڕەسمێکدا سەرجەم پاسەکانی هاتووچۆی قوتابیانی قوتابخانەی ڕازاندەوە و لە جێگای هەر قوتابییەک دیاری دەرچوون و ئەنجامەکانی داناو بە ئامادە بوونی بەڕێوەبەری قوتابخانە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەربارەی گەیەنرایە دەست قوتابیان لەماڵە کانی خۆیان لەگەڵ گرتنی وێنەی دەرچوون د. فرانۆ ئیقیزاج بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو لە بۆیە پێویستییان بە ڕێگای تایبەتە بۆ فێربوون و هەتا ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ڕێوڕەسمە پەیامێک بوو هەم بۆ قوتابی و هەم بۆ دایبابان کە قوتابخانە بێ هاوکاری مااڵ و دایباب کارەکانی تەواو سەرکەوتوو نابێت د. فرانۆ وتی : ئەو پەیامەی دەمەوێ بیگەیەنم ئەوەیە کە چوار مانگ لەمەوبەر بەهوی ئەو پەتا گشتگیرە قوتابیان گیربانخوارد لەماڵەوە و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان کیشا لە ڕوشنایی ژینگەی خوێندنی ڕاستەقینەی ماڵەوە (ئونلاین) کە لەلایەن قوتابخانەوە ڕێکخرا تا ئاهەنگی دەرچوون لەماڵەوە کە ئێستایە، قوناغەکانی باخچەی ساوایانی پڕڵی دوو ، قوناغی شەش و قوناغی هەشتەم دیاری کراوە ، چونکە ئەم قوناغانە بە قوناغی گواستنەوە دادەنریت لە ئاستێکەوە بو ئاستێکی دیکە.

لەگەل دەستپێشانکردنی دەستکەوتەکانی ئەکادیمی قوتابیان دەمەوێ ئەو دایک و باوکانەش دەستپشان بکەم لەبەر ئەوەی بەبی دایک و باوکان کارەکانمان پی تەواو نەدەکرا بەو شێوەیەی کە دەمانەوی ، چونکە زور گرنگە بو دایک و باوکان و بەڕیوەبەرو مامۆستا کە پێکەوە کار بکەن بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی ئەکادیمی قوتابییەکانیان .

هەڵگرتنی و هەڵوەشاندنەوەی پارێزبەندی پەرلەمانی لە نێوان یاسایی و دیموکراسی دا

خەبات: تریفە ئازاد

پاش ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان دەنگیاندا بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار (سۆرا عومەر) بۆ ئەوەی وەکو داواڵێکراو لەبەردەم دادگا ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوە. بەڵام لە ڕەفتارێکی چاوەڕوان نەکراود، بەرێز (د.ڕێواس) سەرۆکی پەرلەمان تاکڕەوانە کۆدەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان دەربارەی هەڵگرتنی پارێزبەندییەکەی (سۆرا عومەر)ی هەڵوەشاندەوە. لێردەدا بۆ بەدواداچوونی ئەم هەڵوێستە، پەرلەمانتار و یاساناسان لەم ڕاپۆرتەدا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.



گولیزار ڕەشید سندی: ئەڤ چەندە مایتێکرنەکە د کارێ دەستهەلاتا قەزاییدا

ناکەین هیچ کەس و لایەنێک باسی نوێنەری پێکهاتەکان بکات .وە هاوپەیمانی ئیمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ردە وام دە بێت وە شتێکی شاراوە نیە .ئاشکرایە .وەهەر حزبێکی کوردستانی پالپشتی پێکهاتە کان بکات ئامادەین هاوپە یمانی لە گەڵ بکە ین.وە هە لگرتنی پارێز بە ندی لە سە ر ئەو پە رلەمانتارە کارێکی یاساییە .لە مادە ٤.پە یڕە وی ناوخۆی پە رلە مانی کوردستان ئامادەی پێدراوە لە ڕووی یاساییە وە هە رئەندامێکی کۆمەڵگا ئەگە رهاتووکەسێکی سروشتی بێت یان ئە ندامی هە ردەزگایەک بێت.بە پێی یاسای ئەم دەزگایە پارێز بە ندی دەداتە ئەندامە کانی لە کاتی تۆمارکردنی هە ر سکاڵایە ک لە دژیان لە لایە ن دادگای لێکۆڵینە وە وە یان جوڵانە وەی هە ر سکاڵایە ک لە لایەن داواکاری گشتییە وە .وە نابێت ئەم ئە ندامە پادەستی لایە نی لێکۆڵینە و بکرێت بە بێ ڕە زامە ندی لایەنی پە یوەندیدار وە یان سە ڕۆکایەتی ئە و دە زگاییەوبژێە ئیمە بەو پەڕی متمانە بوونەوە چوونە هۆڵی پەرلەمان و بەشداری دانیشتنەکەمان کرد و ئەو بڕگانەمان جێبەجێ کرد کە لە بەرنامەی کار دا بوونی هەبوو.بژێە هەر کەسا و لایەنێک بێت دەبێت لە کاتی تەشهیری کرد یاخوود تۆمەتی کرد لە لایەن دادگاوە داواکار بە پێ یاسا دەبێت ئامادە بێت و بەڵگەکانی بخاتە ڕوو کەس لە یاسا گەورەتر نابێت.

سارا دڵشاد: هاوپەیمانی ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دەبێت وە شتێکی شاراوە نیە ئاشکرایە

پەرلەمانتار یاسادانەرە، دەبێت لە هەموان زیاتر پابەندی یاسا بێت

دانەر عەبدولغەفار عزیز، یاساناس و ماستەر لە یاسای تایبەت لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

دەوڵەت بریتیە لە کۆمەڵێک دامەزراوەی یاسایی، یاسا دەوڵەت بەرێوەدەبات، دەوڵەت یاسا بەرێوەنابات، هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتیش لەیاسا گەورەتر نیە، هەر کارێکی دەوڵەتیش ئەگەر چوارچێوەی یاسایی نەبێت، مەشروعیەتی نیە، دەوڵەتی یاسا ئەو دەوڵەتەیە کە کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەت ملکەچ بن بۆ یاسا. پەرلەمانتارانی کوردستانیش هاوشێوەی پەرلەمانتارانی جیهان، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پارێزبەندی یاساییان هەیە، ئامانج لە هەبوونی پارێزبەندیش بۆ ئەوەیە کە پەرلەمانتار بتوانێ بە باشی چاودێری حکومەت بکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پارێزبەندی بۆ ئەوەیە نیە کە پەرلەمانتار بکەوێتە سەرووی یاساو هەرچیەکی بەدەمدا هات بیڵێ، پەیرەوی ناوخۆ کۆمەڵێک ئامرازی دیاریکردووە، بۆئەوەی پەرلەمانتار کاری چاودێری بکات(پرسیارکردن، لێپرسینەوە) ، بەڵام بۆی نیە لەبەر چاوی خەڵک و لەسەر شاشەی تیڤیەکان، تۆمەت بداتە پاڵ دام و دەزگاکانی حکومەت یان فەرمانبەرانی حکومەت، خەڵک بۆ ئەوە دەنگناداتە پەرلەمان تاوەکو جنێو بدات و تۆمەت ببەخشێتەوە. هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر، بەپێی پەریرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و پاڵپشت بە مادەی 24لە پەیرەوەکە پارێزبەندی لەسەر هەڵگیراوە، ئەوەی ئاشایی ئەم هەموو هەرایەی کە لەسەر ئەم بابەتە دروستکراو کۆمەڵێک پاڵەوانی موزەیەف دروستبوون، پەرلەمانتار یاسادانەرە، دەبێت لە هەموان زیاتر پابەندی یاسا بێت. سۆران عومەر بە گوێرەی برگە(ب) لە مادەی(1)لە یاسای ڕێکاری دادگا سزاییەکان(قانون اصول المحاکمات الجزائیە)، پێویست نەبوو پارێزبوندیشتی لەسەر هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بدرێتە دادگا، چونکە تاوانێکی بینراو(الجریمە المشهودە)ی ئەنجامداوە، بەگوێرەی برگە(ب) لە مادەی((1لە یاسای ڕێکاری دادگا سزاییەکان(قانون اصول المحاکمات الجزائیە)، دادگا دەتوانێ ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر بەکەسێک ئەنجامبدات بەبێ هیچ ڕێکارێک ئەگەر هاتوو تاوانێکی بینراوی سۆران عومەر تاوانێکی بینراوەو لەسەر شاشەی تقیەکان کۆمەڵێک تۆمەتی خستە پاڵ □سەرۆکی حکومەت، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە پارێزبەندی پەرلەمانی ئەگەر بشمێنێتەوە هەموار بکرێ و بەشێوازێک دابڕێژرێت کە پەرلەمان نەتوانێ ڕێگری لە دادگا بکات بۆ جێبەجێکردنی یاسا.

دانەر عەبدولغەفار: بەهیچ شێوەیەک سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێ، بە بڕیاری تاکەکەسی بڕیارێک هەڵیوەشێنێتەوە

ئەگەر بەو لۆژیکەی سەرۆکی پەرلەمان بێ، ئەوا سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێ بە تەنها یاسا و بڕیاریش دەربکات، پەرلەمان یەکسان نیە بە سەرۆکەکەی، پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا بەرکارەکان بەڕێوە دەبەن نەک سەرۆکی پەرلەمان، من ناچمە سەر دوبارەکردنەوەی ئەو شرۆڤە یاساییانەی کە لەسەر ئەم بابەتە کراون، ئەو نوسراوەشی کە سەرۆکی پەرلەمان کردوویەتی هیچ گومانێک نیە لەسەر نایاساییبوونی، گشت ئەو ڕێکارانەی لە کاتی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەر یاسایی و پەیڕەوین، وە ئەو نوسراوەی سەرۆکی پەرلەمان هیچ بەهایەکی یاسایی نیە، خاڵی دووەمی نوسراوەکەی سەرۆکی پەرلەمان جێگای سەرنج و ڕەخنەی زۆرە، باس لەوە دەکات لەبەرئەوەی مەرجەعی دادوەری نیە بۆ تانەلێدان بۆیە ئەم کارەی کردووە، سەرۆکی پەرلەمان خۆی دەسەلاتێک دەداتە خۆیو خۆشی دەخاتە شوێنی دادگا، هەرخۆشی لە جیاتی دادگا بڕیار دەدات، خۆ ئەگەر گرفان هەڵگرتنی پارێزبەندیەکە پێچەوانەی یاساش بێت، بەهیچ شێوەیەک سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێ، بە بڕیاری تاکەکەسی بڕیارێک هەڵیوەشێنێتەوە، ئەوەی کرا عەیبەیەکی یەکجار گەورەبوو، نەدەبوو سەرۆکی پەرلەمان بیکات.

پژاک و مەترسییەکانی دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چارەسەری سیاسی



هێما سۆفی

لە دەستپێکی شەڕی کەنداو ، پێشبینی هەندێ ئاڵوگۆڕی سیاسی لە وڵاتانی ناوچەکە دەکرا ، لە درێژەی شەڕی کەنداو دا وەک پرۆسەی دێمۆکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،لە لایەک و لەلایەکی تریش سەرەڕۆیی هەندێ وڵاتی ناوچەیی بوونە هۆکاری سەرەکی شەڕی کەنداو و بە هۆی سیاسەتی نە شیاو و خۆبینەوەی نادروست لە ڕووداو سیاسییەکان و بە پشت بەستن بە هێزی نیزامی، ڕژێمی سەدام حسێن بووە قوربانی پاوانخوازی و دیپلۆماسی لاوازی خۆی ، هەڵبەت خەت و نیشانی سیاسی و ڕاوێژی وڵاتانی وەک بریتانیا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبوو لە هەمبەر ڕیخۆشکردن و هەڵخەڵەتاندنی ڕژێمی سەدام حسێن و خاڵی دەستپێکی شەڕی کەنداو واتە داگیر کردنی وڵاتی کوەیت .....

لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاش لە ناو بردنی ڕژێمی بەعس زۆر مەعادلەی سیاسی لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە و پشتی پەردە سات و سەودای لەسەر کرا بە تایبەت دەوڵتی ئینگلیس زیاتر لە پێنسەد ساڵە بە هۆی سیاسەت و خوێندنەوەی خۆی لە پێناو بەرژەوەندییە درێژ خایەنەکانی کە ئێستا بە کردەوە دەبینین بەهرەی لێدەبات بە دروست کردنی سەنتەری شیعیزمی پێنسەد ساڵە دژ بە وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی لەم سۆنگەیەوە هەر جارێک کورد لە سیاسەتی ماف خوازانەی خۆی واتا دەستبەر کردنی کیانی سیاسی شکستی هێناوە بێگومان پشتی پەردە و هەندێ جاریش بە ئاشکرا دەستی ئینگلیسی تێدا بووە،بەم پێناسەیەی بارودۆخی ناوچەکە کۆمەڵی کێشە و گرفتی تر وەک سەرهەڵدانی ڕێکخراو گەلی تۆریستی و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنیەتی لە هەندێ وڵات ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە سیاسەتی ڕژێمی ئاواییەکان بە گشتی لە چوار چێوەی بازنەی بەرژەوەندی دا هەر هێز و لایەن و وڵاتێک خۆی لەو بازنەیەدانەبینێتەوە و هەول نەدات لەم ڕوانگەیەوە کێشەکانی خۆی بە کەڵک وەر گرتن لەو بازنەیە یەک لابکاتەوە بە کردەوە پشت گوێ دەخسرێ یان بەواتایەکی تر لە جیهانی سیاسەت دا گۆشە گیر دەکرێت.

بەم پێوەر و شوناسە لە ساڵی ٢٠١٣ بەوڵاوە کە ڕژێمی سەدام حسێن لە ناو چوو گەڵی ڕیکخراوی ناوچەیی و تەنانەت بگرە جیهانیش کەوتنە بەر شاڵاوی ڕەشنووسی مەترسیداری لیستی تررۆرەوە ، پارتی کرێکارانی کوردستان یەک لەو ڕێکخراوانە بوو کە کەوتە بەر ئەو شاڵاوە و تاکوو ئێستاش هەر نێوی لەو لیستە دا ماوەتەوە دیارە نامەوەێ بچمە سەر ئەو باسەی هۆکارچی بوون و بۆ چی ئەو پارتە وای لێ بەسەر هات.

ئەوەی مەبەستمە لە دوای ٢٠١٣ پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی بەسەر چوار ڕیکخراو بە ناو گەلی جیاواز بۆ هەر چوار بەشەکەی کوردستان دابەش کرد یەک لە وانە پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاکە) کە دامەزراوەیەکی ئەو حیزبەیە و ڕووی خەباتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە پێێ گۆڕەپانی خەباتی دیاریی کراویان.

پژاک بە حۆکمی هەڵکەوتەی باری جوغرافیایی و مەترێزیان کە چیا و سنوورە دەستکردەکانی نێوان هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە خێرایی توانی خۆی بەسەر کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هێزێک بە ڕیبازێکی نامۆ و نامەفهوم بناسێنێت لە بواری کرداری دا و جەولەی پێویست بۆ هێزێکی تازە دامەزراو. ڕەنگە زۆرکەس لای پرسیار بێت بۆچی ڕێبازێکی نامۆ و نامەفهوم؟ لە ڕاستی دا دەبێ بڵێم بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەو ئەدەبیاتەی دەیان جار لە چەند ساڵی ڕابردوو لە وتار و سیاسەتی ئەم حیزبە بەدی کراوە هەر لە بەڕێوەبەری خۆسەر و برایەتی گەلان و کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و دەیان بابەتی تری لەو چەشنە . من نامەوێ ئەوەش بێنمە بەرباس و لێکۆڵینەوە چون لە ئێستا دا بە پێوەستی نازانم بەڵام هەستم بە مەترسییەکانی چەند لایەنەی دواڕۆژی نە زۆر دووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخ و قۆناغە هەستیارەکەی کردووە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشم .

پژاک هێزێکی نەتەوەیی هەڵقۆلاوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات نییە و ناشتوانێ ئەڵتەرناتیڤی حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات بێ کە خاوەن میژوویەکی کۆن و هەزاران شەهیدن دیارە ئەوەش نابێتە پاساو و هۆکارێک لەهەمبەر بەکەم زانینی خەڵکانی تر چون لە کۆتاییدا ئەوە گەلە بڕیاری خۆی دەدات و نوێنەری خۆی دیاری دەکات و هاوکات دەبێتی وەزنە و پێگەی حیزبەکان، بۆیە پژاک سەرەکیترین کێشەی ئەوەیە کە هەڵقولاوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. سەرە ڕای ئەوەش پژاک هیچ کات نەیتوانیوە خاوەن ئیرادەی سیاسی و سەربەخۆی خۆی بێت تەنانەت ئەگەر وەک حیزبێکی ڕۆژهەڵاتیش لە ئەژمار بێت کە دێت و لەسەر ئەمری واقیع لە گۆڕەپانەکەدا بوونی هەیە ،کەئەوەشیان واتەبوونی خودی پژاک کۆمەڵی پرسیاری لەسەرە لەهەمبەر چۆنیەتی سیاسەتی چەوتی پارتی کرێکاران بەوپێێە کە بنەمای ئەو دامەزراوانە دەست تێوەردان لە کار و باری پارچەکانی تری کوردستانە لە ڕاستی دا و دەبێتە کێشە و لەمپەرێک لەو بەشانەی کوردستان کە پەیوەندی ڕوحی و تەشکیلاتی ئەو هێزە هەرچەند ئەکتیڤیش بێت نامۆیە و کریاری نابێت لە شەقامی کوردی.

لە لایەکی تریش یەک لە کێشە سەرەکییەکانی پژاک تێنەگەیشتنە لە خواستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاشنانەبوونە بە ڕۆحیات و ئاستی بیر و تێگەییشتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە ،ڕەنگە ئەم ڕەوتە بتوانێ ڕەخنە بکاتە لانی کەمی کۆمەڵگا ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە ئەوان خەتی فکری و ڕێبازیان لەگەڵ کۆمەڵگابگونجێت بەڵکو تەنیا هۆکاری دووری و نەبوونی فیزیکی هێزەکانی تری ڕۆژهەڵاتە کە ئەم بۆشایەی بۆ پژاک قۆستۆتەوە و لەوپەڕی خراپی دا تەنانەت بۆتە دەرفەتێک بۆ سەلەفی و ئیرهابییەکان کە دیارە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ساپۆرت و پشتیوانی دەکرێن ئەویش مەبەستی تایبەتی خۆی لەپشتە بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ئاراستەکەی کە بەردەو هەڵدێر و ڕووخان بروات، بۆیە پژاک بە کەڵک وەرگرتن لەم بۆشاییە و بە بڕیارەکانی قەندیل لە ناوچە بە تایبەتی سنووربییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی دەنوێن جار و بار ئەویش کە ئامانجەکانی خۆیان کەئەو حاڵەتەشیان هەر مەترسیدار و لە پیلانی پێشووتر کە ئامانجم پێکرد کەمتر نییە و ئەوەشیان هەر مەترسی جدی شەر و ئاژاوەی لێدەکەوێتە ، لێردا من لادەدەم و بابەتێکی تر ئاوێتەی ئەو تەوەرە دەکەم ، بۆچوونێکی هەڵە هەیە لە لایەن زۆرینەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان کە ئەگەر بیانەوێ لە گەڵ پژاک دانو ستان بکەن بە هەر مکانیزم و ڕێکارێکی مومکین ئەوە شەرعیەتییان داوە بەپژاک بە پێی لێکدانەوەی خۆیان بەڵام ئەو بیر کردنەوەیە تاسەر ئێستقان هەڵەیە و کوشندە چون پژاک شەرعیەت لەوان وەر ناگرێت بەڵکو ئەو شەرعیەتی خۆی بەهێز و پشتیوانی پارتی کرێکارانی کوردستان سەپاندووە کە واتە ئەوە ڕێگا چارەیەکی سیاسی و گونجاو نییە لەهەمبەر چارەسەری بوونی هێزێک بە ناوی پژاک ، بە کردەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی پارتی کرێکارانی کوردستان و دۆستانی تری وەک جەمسەرێکی کێشەکان و لەلایەکیتریش دابەش بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەسەر ئەو جەمسەرانەدا دەبنە هەوێنی ئەو ئاڵۆزییانە ،بۆیە پێویستە حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان هەنگاوەکانیان سیاسیانە و زۆر بەهەست یاری و ژیرانە بەرەو ئاراستەیەک هەڵبگرن کە بە دیالۆگ و ڕێکاری سیاسی گونجاو هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیە بدەن هەر لە ئێستاوە تاکوو کاتیان لەدەست نەچووە و ڕۆژی کارەسات دانەهەتووە و پژاک لەگەڵ خواست و ئیرادەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخەن و بۆشایی زیاتر نەخوڵقێنن کە ئەو کارەساتانەی ئامانجم پێ کرد لە دوا ڕۆژێکی نە زۆر دوور دا بێتە ئاراوە و هەر وەها بە مکانیزمێکی گونجاو هێزمونی خەڵکانی تر لەسەر پژاک کەم کەنەوەو تەنیا کاریگەری هزر و گوتاری نەتەوەیی هەوڵ زاڵ کردنی بۆ بدرێت تاکوو دەرفەتێکیش بێت بۆ پژاک هەم پێداچوونەوە بە خۆی دا بکات لەهەمبەر چۆنیەتی خەبات و سیاسەتیان و هەمیش بەرەوڕووی خواست و ئیرادەی سیاسی گەل ببنەوە.

www.xebat.net
یەك شەممە 2020/6/21 ژمارە (5957)
خەبات

فقدان

فقدان هويه العسكرى المرقمة ١٣١٦٢١٦ الصادره من وزارة الداخليه العراقيه اسم ر.ع/ ريدار نعمت فرحو رجب وون بووه هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل زاخو

العدد /٩٦
التاريخ/ ٢٠٢٠/٦/١٦

اعلان

الى المنذر اليه / اوهانيس سيروب هوفي

بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٢١/٤١٨٣/انذار/٢٠٢٠)المورخ في ٢٠٢٠/٦/١٤ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام مديرية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠٢٠/٧/٥ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٨٢٢/٥ مقاطعة (١٤ عباسية) والمشتراة من قبل المنذر (مصطفى جلبي صالح) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شركة زاخو /١٢٤١ المورخ في ٢٠٢٠/٦/١٥ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .

كاتبة العدل زاخو
دنيا محمد رشو

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٥/١٤

بەپێ ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (صدرالدین اسماعیل حسین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٥/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە, بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە, وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- ئامێری پرێس خوارکردنەوەی پلێت ، بێ ژمارە، دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠٠٦ توانای کارەبایی دەستی.

س- ئامێری مقەسی بڕینی پلێتی المنیوم ، بێ ژمارە، دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠٠٦ توانای دەستی.

٣- سێ دانە ئامێری کەتەری عدل و زاویە ، ژمارە ٢٣٤٩٨٨، ٢٣٤٩٨٩» بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبا k.w ٣x١,١.

٤- ئامێری دەرهێنانی شوێنی کیلۆن و نەرمادەی المنیوم ، ٠٥٠٠٦٧، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٠,٢٥.

٥- ئامێری دارشتنی پیتی T المنیوم ، ٢٣٧١، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ١,١.

٦- ئامێری دوو دانە کۆمپرێسەری هەوا ، بێ ژمارەن، دروستکراوی ایرانی، صینی، مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٢x٣.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپێ ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد ئازاد محمدامین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (شەقامی صلاح الدین) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە, بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە, وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

١- ئامێری ups خەزن کردنی کارەبا ، ژمارەی ئامێر ٢٥٩٠٠٠، دروستکراوی صینی، مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.V.A ٦.

٢- ئامێری چاپی فلێکس بۆ فلێکس و لەزگە ، ، ژمارەی ئامێر ٤pd-usb١٨٥٤-٣٢٠٠p+Lill، دروستکراوی صینی، مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M١٦.

٣- ئامێری cnc نەقش کردن ، ژمارەی ئامێر ١١٢٠٤، دروستکراوی صینی، مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٥ هاوپێچ بۆردی کارەبا.

٤- ئامێری cnc لێزەری ، ژمارەی ئامێر ٢٥٩٠٠١، دروستکراوی صینی، مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٥.

٥- ئامێری کەتەری برینی المنیوم ، ژمارەی ئامێر ٢٥٩٠٠٢، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٧٥,٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپێ ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هندرین سمایل صالح) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ. قەتەوی) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە, بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە, وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

١- دوو دانە پەمپی دفعی چیمەنتۆ و سەرخستن ، ژمارەی ئامێر WDB٩٦٤٠١٤٠١١٤٢٣٣٢و WDB٩٦٤٠٣٤٠١٦٥٩٦٧، دروستکراوی المانیا، مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی گا ز و ا یل .

٢- دە دانە مێکسەری تێکەڵ کردنی چیمەنتۆ، ژمارە (NMB٩٦٤٣٣١١٢١٨٨٨٨٦,
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٨٨٧٥
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٢٨٨
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٨٨٢٦
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٢٥٦
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٨٨٧٦
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٣٣٧
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٢٥٩
,NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٢٨٩
.NMB٩٦٤٣٣١٢١٨٩٣٣٨
دروستکراوی ئەڵمانین، مۆدێلی ٢٠١٨ و جۆری سوتەنی گازوایل.

٣- ئامێری هۆپەری چوار حەوزی تێکردنی مواد ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٨٢، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٤٠ هاوپێچ قایش و کۆنفایەر.

٤- ئامێری هۆپەری چوار حەوزی تێکردنی مواد ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٨١، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٤٠ هاوپێچ قایش و کۆنفایەر.

٥- ئامێری خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٨٠، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٥٠ ژووری سیطرة و قایش و کۆنفایەر.

- ئامێری کومپرێسەری هەوا چوار پارچەیی ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٧٩، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٣٠ .

٧- ئامێری سایلۆی خەزنکردنی چیمەنتۆ/ هاوپێچ بەرینە ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٧٨، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٠ .

٨- ئامێری سێ دانە سایلۆی خەزنکردنی چیمەنتۆ هاوپێچ ٣ بەرینە ، ژمارەی ئامێر ٢١١٠١٧٥، ٢١١٠١٧٦, ٢١١٠١٧٧ دروستکراوی تورکین، مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٠x٣ .

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپێ ئەو داواكاریەی كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (چاوشین علی محمد) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای خەبات) و وسفەكانی لە خوارەوەدا دیاریكراوە, بۆیە ئەوكەسەی پەیوەندی بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆماركردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوكردنەوەكە, وە تۆماركردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتی یەكلاكردنەوەی داواكەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانی تۆمار دەكرێت بەناوی داواكاری تۆماركردنەكە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆماركردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

١- دە دانە ئامێری مصعدی بەسەرخستنی گەنم هاوپێچ بەرینەو هۆپەر ، ژمارەی ئامێر. ٥٥١٦٩، ٠٨-MY١٩U٠٠٢ ,١٤-MY١٩U٠٠٢ ,١٨-MY١٩U٠٠٢ ,٤٣-MY١٩U٠٠٢ ,٤٠-MY١٩U٠٠٢ ,٣٥-MY١٩U٠٠٢ ٢٤-MY١٩U٠٠٢ کە توانای کارەباییان k.w ٢,٢ - K.W١,٥ – K.W٢,٢ - K.W٢,٢ - K.W٢,٢ - K.W٢,٢ - K.W٢,٢ - K.W٢,٢ - K.W٢,٢. دروستکراوی تورکین، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا.

٢- ئامێری بێژینگی بژارکردنی بەردو خۆڵ و گەنم ، بێ ژمارە دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٥.

٣- ئامێری سفتەری بێژینگ کردنی جۆری گەنمەکان، ژمارەی ئامێر ١٠-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٢٠.

٤- ئامێری دوو دانە بێژینگی سێ ڕۆلەیی، ژمارەی ئامێر ٢٠-MY١٩u٠٠٢, ٢١-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٧,٥x٢.

٥- ئامێری فانی پالەپەستۆی هەوا، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٠.

٦- ئامێری بێژینگی لاکێشەی قەبارە گەورە، ژمارەی ئامێر ٣٠-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٣٠.

٧- ئامێری هێلی تەواوی دەرمان لێدان، ژمارەی ئامێر ٣٨-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٧.

٨- ئامێری تێکردن و کێشان و دوورین، ژمارەی ئامێر ٤٥-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ١٠.

٩- ئامێری دوورینی گوینەی گەنم، ژمارەی ئامێر ١٦-MY١٩u٠٠٢ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٠,٥٠.

١٠- ئامێری کونفایەری گواستنەوەی گوینەی گەنم، بێ ژمارە ، دروستکراوی تورکی، مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٢,٢.

١١- ئامێری کومپرێسەری هەوا، ژمارەی ئامێر ١٤١٧٢، دروستکراوی ایطالی، مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی k.w ٥,٥.

* * *

دادگای باری کەسینەی سۆران

ژمارە : ٣٦٢/اعتراضیە/٢٠١٨
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٦/٩

بۆ/ داوالێکراو (سعید محمد عمر)
شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
پێراگەیاندن

داواکار (ناصحە محمد شریف) داوای ژمارە (٣٦٢/اعتراضیە/٢٠١٨) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (بژێوی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادە بوونت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٨/٣) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بریکارەکەت لە ڕۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠:٠٠) سەر لەبەیانی لە دادگاکەمان ئامادە بن بۆ دادبینی ئەگینا دادبینی بە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران

ژمارەی دۆسیە : ٢٠١٤/٦٤٠
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٥/٣١

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران موڵکی ژمارە (٥٢٦/٢٩)کە کەوتوتە (ك ٧ باپشتیان) دەفرۆشێت , خاوەنەکەی قەرزار (کافیە سید احمد) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی (حسین کاکە احمد حسین) بە بری (٢٠,١٣٠,٠٠٠٠) دینار هەر کەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی و وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە .

جێبەجێ کاری داد/ سیروان سلیم اسعد

ئاکارەکان :

١/ شوێن و ژمارەی / گەرەکی بەختیاری _سۆران (٥٢٦/٢٩ ك ٧ باپشتیان)
٢/ ڕەگەز وجۆری / زەوی و پێکهاتە.
٣/ سنوور و ئاگاداری/ لە تۆماری هەمیشەیی داهاتووە.
٤/ پێکهاتەکەی / نهۆمی یەکەم / ژووری میوان+هۆل و مطبخ+دوو ژووری نووستن+حمام و مرافق , نهۆمی دووەم / ژووری میوان+هۆل+مطبخ+یەك ژووری نووستن+ حمام و مرافق.
٥/ ڕووبەرەکەی / ٢٠٠م ٢
٦/ پلەی ئاوەدانکاری/ ....
٧/ نیشتەجێکەی / بەکرێ دراو.
٨/ نرخی قرساو / (٦٤,٣٩٥,٥٠٠) شەست وچوار ملیۆن و سێسەد و نەوەد و پێنج هەزار و پێنجسەد دینار.

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ١٤٤/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠/٦/١٦

ڕاگەهاندن

بو / داوالیکراوێ : نسرین عبدالکریم عبدالقادر

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٤٤/ش/٢٠٢٠) ل ڕوژا (٢٠٢٠/٣/١٠) بکەتنا تەلاقا داواکاری (فاروق محمد عبو) ژتە بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ٢٠٢٠/٣/١٠ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە و تە مافێ نە ڕازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسابیدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پرۆژە (٧Ka-٢٠٢٠)
ژمارە: ٧
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٥

کەمکردنەوەی نهێنی/ بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: (دابینکردنی ٣ ترانسفۆرمە و پێداویستیەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەڵەبجە)

پارێزگای هەلەبجە:- بانگهێشتنی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پارێزگای هەلەبجە (کاروباری هونەری/ ب. ئەندازە/ فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

زانیاری:

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٦/١٨) دەست پێدەکات ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژانی وەرگرتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٧/١) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ.
٣- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٧/٥) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ.
٤- ڕۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٥) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٥- هەر ڕۆژێك لەو ڕێکەوتانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشووەکە دەبێت.
٦- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (٣٠) سی ڕۆژی (ڕۆژمێری).
٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەرواری داخستنی صندوقی تەندەر.
٨- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نییە بە کەمترین نرخ.

مەرجەکانی بەشداری کردن

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتیمانییانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٤- هیچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسایی بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بەپێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبووردن اعتذار پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (email)ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراق بەشی (٢ ، ١) بێت.

کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

* * *

پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پرۆژە (٨Ha-٢٠٢٠)
ژمارە: ٨
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٥

کەمکردنەوەی نهێنی/ بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: (دابینکردن و دانانی هێمای هاتووچۆ بۆ سنوری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە)

پارێزگای هەلەبجە:- بانگهێشتنی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پارێزگای هەلەبجە (کاروباری هونەری/ ب. ئەندازە/ فرۆشتنی تەندەر) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

زانیاری:

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٦/١٨) دەست پێدەکات ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژانی وەرگرتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٧/١) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ.
٣- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٧/٦) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ.
٤- ڕۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٦) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٥- هەر ڕۆژێك لەو ڕێکەوتانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشووەکە دەبێت.
٦- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (٦٠) شەست ڕۆژی (ڕۆژمێری).
٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەرواری داخستنی صندوقی تەندەر.
٨- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نییە بە کەمترین نرخ.

مەرجەکانی بەشداری کردن

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کەبەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتیمانییانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٤- هیچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسایی بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بەپێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبووردن اعتذار پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیل (email)ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراق بەشی (٢ ، ١) بێت.

کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆ مپا نیا کا ن
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢٣٢
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٥

بڕیاری کوژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیا دوا بەدوای بڕیاری کارگێریهان
ژمارە (٨١٢) لە ٢٠٢٠/١/٣٠

کە تایبەتە بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گاتیبو بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) وە ئاماژە بە کۆنووسی بڕیاری کۆمپانیا لە بەرواری (٢٠٢٠/٥/٣١) کە تیایدا بڕیار دراوە بە:
کۆتایی هێنان بە مامەڵەی پاکتاوکردن و کوژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (گاتیبو بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)
بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە پاڵپشت بەمادەی (١٧٧) لەیاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری رەزامەندیماندابە:-
کوژانەوەی ناوی بازرگانی کۆمپانیای (گاتیبو بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)
تا بەپێی ماددەی ٢٠٦ لەیاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.

سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
٢٠٢٠/٦/٨

* * *

دادگای بەرایی ڕانیە

ژمارە: ١٥٣/ب/مؤحد/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ ادریس محمد رسول – ڕانیە کێوەڕەش شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا داواکار (عثمان محمد رسول) داوای ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بری ٦٠٠٠٠٠٠ شەش ملیۆن دیناری عیراقی دەکات وەکو قەرەبوو لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی کێوەڕەش بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆیی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاسایت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێشووەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ نایف عثمان رمضان

* * *

دادگای بەرایی ڕانیە

ژمارە: ١٧٢/ب/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ ڕێبوار خدر صالح – ڕانیە - ڕەشەمێرگ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا داواکار (دلێر خدر صالح) داوای ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بری ١٨٠٠٠٠٠٠ سەدو هەشتا ملیۆن دیناری عیراقی دەکات وەکو قەرز لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی ڕەشەمێرگ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆیی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٩ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاسایت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێشووەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر/ نایف عثمان رمضان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆك

ژمارە: ٢٠٢٠/٥٣٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٤

پێڕاگەهاندن

بۆ/ قەردار: سیروان فخرالدین عبدالکریم

ژبەر نەزانین و نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە، لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێبەجێکرنێ بڕیار هاتەدان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین کە بۆ ماوێ (١٥/ پازدە) ڕۆژا، ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێبەجێکرنێ (الاجراءات التنفيذية) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین.

ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر (جێبەجێکاری داد)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا

ژمارە: ١٦١٣٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ستران) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ستران) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نشوان علی حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٧

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ستران) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - نوروز)

پاکتاوکار/ نشوان علی حمد
ناونیشان/ نوروز
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٤٦١٩٠٤١

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/6/21 ژمارە (5957) خەبات

ڕێنمایی بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)

- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەپێستی ساغ تێناپەڕێت و تا 10 خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.
- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەسەر پارچە قوماش 6 تا 12 کاتژمێر و ئاسن 12 تا 20 کاتژمێر و لەسەر ستیل تا 20 ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئەم ڤایرۆسە تا 60 پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی 30 پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.
- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.
- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخون، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.
- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.
- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.
- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی 10 تا 15 چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن.
- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە.
- دوای شوشتنی دەستەکانتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی ناڕۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تاوەکو توشی ئەگزیمای پێست نەبن.
- جلوبەرگ وا باشە لەبەرتیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆرۆنا



1 - گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەدەمی نەخۆشەوە بەهۆی پژمین یان کۆکین.
2 - گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ (بەهۆی دەست لێدان لە کەلوپەل یان دەم و چاو).
3 - تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبووان.
4 - خواردنی چێشتێك کە باش نەکوڵابێت.

چۆنیەتی خۆپاراستن


شوشتنی دەست بەئاو و سابوون بەبەردەمی


داپۆشینی دەم و لوت لەکاتی پژمین و کۆکیندا


کوڵاندنی خواردن بەباشی


دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشانەکانی کۆکین و پژمین و تەنگەنەفەسیان هەیە

نیشانەکانی تووشبوون


بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە


کۆکە و پژمین


تەنگەنەفەسی

شێوازی دروستی پۆشینی ماسك


دەم و لووت بەتەواوەتی دابپۆشێ


ماسك تەنها یەکجار بەکاربهێنە


لەکاتی پۆشینی ماسکدا دەستی لێمەدە


ماسکەکەت بگۆڕە ئەگەر شێداربوو


هەرگیز ماسکی قوماش بەکارمەهێنە


دوای لابردنی ماسك دەستت بەئاو و سابوون بشۆ

کەی پێویستە دەست بشۆین؟



شێوازی دروستی دەست شووشتن



سابوون بخەرە سەر دەستت



دەستەکانت بخەرە سەریەك



دەستەکانت لێك بخشێنە و ناو پەنجەکانت بیر نەچێت



بەپەنجەکانی دەستی ڕاست پشتی دەستی چەپ و ناو پەنجەکانی بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



چواردەووری پەنجەکان بەناو لەپ بشۆ



بەسەر پەنجەکانی دەستی ڕاست ناو لەپی دەستی چەپ بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



دەستەکانت ووشك بکەرەوە

ڕووسیا کۆتایی بە (تاک جەمسەریی) لە جیهاندا دێنێت

بەشی یەکەم

ئا: ڕەمزی میرەکانی

پێش هاتنی ساڵی **2020**، پرسیارێک لە بارەی پەیوەندی نێودەوڵەتی وڵاتەکەی، لە سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمێر پۆتین کرا، ئەویش بە متمانەوە وەڵامی دایەوە، وڵاتەکەی لە (شکاندنی تاک جەمسەریی و خستنەڕووی پرۆسەی هێنانەکایەی سیماکانی سیستمێکی تازەی نێودەوڵەتی فرەجەمسەر) سەرکەوتوو بووە. ڕووسیا لە ساڵانی کۆتاییدا، زۆر جار ئەو دەستەواژەیەی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام شتە تازەکەی ئەوەیە، گەورەکەی کرملێن، دوای ئەو ڕستەیە دووپاتی کردەوە، بەوەی (جیهانە فرەجەمسەرەکەی سبەی، دەبێتە ژینوار و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات)، هەرچەندە هەندێ هێز دەیانەوێت هەژموونی خۆیان بەسەر سیاسەتی جیهاندا بەسەپێنن.

ئەو وڵاتانەی کەبە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت، خۆیان لەژێر هەژموونی ڕووسیا دەربهێنن و پەیوەندی جێگرەوە، لەگەڵ ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپادا دروست بکەن




ڕووسیا باوەڕی بەخۆی هێناوە، کە لە ساڵی **2019**دا، لە تەواوکردنی پرۆسەی دەوردانی هەوڵەکانی پەراوێزخستنی ڕۆڵی و گۆشەگیرکردنی لە ڕووی سیاسیی و ئابووریەوە سەرکەوتوو بووە، بەوەی ئامادەبوونی لەسەر دیمەنی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بووەتە شتێکی چەسپاو و (ناکرێت مامەڵە لەگەڵ هیچ ڕۆژهۆتێکی هەرێمایەتی، یان جیهانیدا بکرێت، بێ ئەوەی بۆچوونی مۆسکۆ لەبەرچاو نەگیرێت). هەرچەندە ئەو ئالۆزییانەی پارەکە لە ناوخۆ ڕووبەڕووی کرملێن دەبوونەوە زیاتر بوون، کەچی هەتا نەیارەکانیشی دان بەوە دەنێن، لەسەر ئاستی دەرەکیی لە داهێنانی ژینوارێکی تازەدا، سەرکەوتوو بووە. لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و لە ڕەپۆشەی سۆڤیەتی پێشوودا، سەرکەوتنەکانی کرملێن، تەنیا لە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئەو هێزانەی، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بۆچوونەکانی ڕووسیا لە چوارەوری خۆیدا سەرەڕۆ بوون، کورت نەبووەتەوە، بەڵکو توانی شکست بەو هەوڵانەش بهێنێت، کە دەیانویست بەرەیەک لە ئۆکرانیا، جۆرجیا و مۆلداڤیا دروست بکەن، ئەو وڵاتانەی کەبە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت، خۆیان لەژێر هەژموونی ڕووسیا دەربهێنن و پەیوەندی جێگرەوە، لەگەڵ ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپادا دروست بکەن. لە ئۆکرانیا، دۆڕانی کورسی سەرۆکایەتی، لەلایەن نەیارە سەرسەختەکەی سەرۆک ڤلادیمێر پۆتین، لە هەڵبژاردنەکاندا، بە تۆڵەکردنەوە لە چینی (ئۆلیگارشییە)ی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە وەسفکرا، بەوەی کێشێ، لە سایەی دەسەڵاتی تازەدا، هەوڵ دەدات، پێشنۆرەکانی خۆی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئەستەمەکان ڕێک بخاتەوە. ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی سەرۆک ڤلادیمێر زیلینسکی، کە ئەزموونی سیاسیی کەمە، دەسەڵاتی گرتە دەست، خۆی لە بەرامبەر ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوشی ئابووری ئاڵۆز، پشێوی کارگێڕی و گەندەڵی بینییەوە، زێدەباری کێشەی هەرێمە جیابوونەوەخوازەکان، لەرۆژهەڵات و باشووری وڵاتدا. هەرچەندە لەلایەن ڕۆژئاواوە بەڵێنی زۆری، بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی لە ڕووبەڕبوونەوەی سیاسەتەکانی کرملێن پێدرا، کەچی ئەو بەڵێنانە هەر بە زارەکیی مانەوە، لەوکاتەی ئۆکرانیا، پێویستی بە نزیکەی **20** ملیار دۆلاری بەپەلە بۆ چارەکردنی کێشەکانیدا هەیە. لەسەر ئەم پاشخانەوە، قسەکردن لەسەر کرێمی (داگیراکراو) لەلایەن ڕووسیاوە، تەنیا وەکو بەشێک لە ئەدەبیاتی بژاردەی سیاسیی ئۆکرانیا ماوەتەوە، لەوکاتەی کێڤ، ناچار بووە چەند هەنگاوێک بهاوێت، بۆ ئەوەی پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتنەکانی مینسک بۆ ئارامکردنەوە دووپات بکاتەوە، ئەوەش وای کردووە، ڕووبەڕووی مەترسی تەقینەوەی شۆڕشێکی تازە لەسەر شەقام ببێتەوە، دوای ئەوەی بەوە تۆمەتبار کرا، هەوڵی خۆی بەدەستەوەدان لە بەرامبەر پۆتین دەدات. سەرکەوتنەکانی پۆتین لە جۆرجیا و مۆلداڤیاش کەم بایەختر نەبوو، لە سایەی بەگژیەکداچوونی هێزەکانی ناوخۆ و سەرقاڵبوونیان بە کێشەکانیانەوە. لەسەر ئاستی کۆمارەکانی پێشووی دیکەی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا، بوونە توخمی هێز بە دەستی کرملێنەوە، لە میانی ڕاگەیاندنی پشتگیریی تەواویان بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی مۆسکۆ و، هاوکاری تەواویان لە ڕۆژهەڵی سزاکانی ڕۆژئاوای سەپێندراو بەسەر مۆسکۆدا. سیاسەتی ڕووسیا لە سەر ئاستی ئەورووپاش، هەمان سیمای هەیە، ئەوەش ئاسوودەیی فراوانی لەلای کرملێنەوە دروستکرد، کە پێشتر و ئێستاش، بەوە تۆمەتبار دەکرێت، لە پشتەوەی هاندانی ڕەوتە شۆڕشگێڕەکانی و هێزە تووندڕەوەکان لە ئەورووپا دەوەستێت، هەروەها کاریش لەسەر پارچەپارچەکردنی کیشوەری ئەورووپادا دەکات، چونکە گەشەکردنە ناوخۆییەکان لە ئەورووپا، ڕۆڵیان لە زیادبوونی وەڕسی وڵاتانی ئەورووپای وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا، لە گوشارە زۆرەکانی ئەمریکا، بۆ سەر کەرتی ئابووری و کەرتی نەوت و غاز لە ڕووسیا، لە بەرژەوەندی کرملێندا هەبوو. دوای ئەوەی هەستی ئەورووپی بەرەو هەڵکشان چوو، بەوەی زیانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، لەسەر تەنگ پێهەڵچنینە بەردەوامەکان بۆ سەر مۆسکۆ لە زیادبوون دایە، هەروەها ئەورووپاش بە کردار نرخی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەدات، کە لایەنەکانی کارگێڕی ئەمەریکا و، هەندێ لایەنی ئەورووپی وەکو پۆڵەندا و ڕۆمانیا، ئەوانەی بوونەتە (سەرەڕەم)، لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە دژی ڕووسیا لە کیشوەری ئەورووپا سەپاندوویانە. هەر بۆیە مۆسکۆ بە ئاسوودەییەوە، پێشوازی لە دەست پێشخەرییەکانی سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، بۆ کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ مۆسکۆدا کرد، کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنجێلا مێرکلیش پشتیوانی لێکرد. مۆسکۆ، هیچ هۆکارێکی بۆ قوبڵکردنەوەی دووبەرەکیی، لە بارەی ئەو بابەتەوە، لە مالی ئەورووپی دابین نەکرد، بەڵکو لە ڕۆژهەڵی ئایشی ستراتیژیدا، هێزێکی پاڵنەری بنەڕەتیی بەرەو ئەو ئاراستەیە، بە هاوسەنگی لەگەڵ ڕۆژهەڵی پەیوەندی ئابووری و گەیاندنی وزەدا بینی، بۆیە لە لەبارچوونی پەیماننامەی موشەکەکانی ماوە ناوەڕاست و کورت و، ئامادەبوون بە ئەگەری دەرچوونی پەیماننامەی (ستارت)، بۆ کەمکردنەوەی چەکەکانی ستراتیژیی، ناونیشانێکی بنەڕەتی بۆ قسەکردن لەسەر (ئەگەر ڕووبەڕبوونەوە ڕوو بدات، لە شارەکانی ئەورووپادا دەبێت) دابینکرد. بەڵکو لەوەش دوورتر ڕۆیشت، لە میانی ڕاگەیاندراوە یەک لەدوای یەکەکانی وەزارەتی بەرگریی، لە بارەی ئاراستەکردنی هێزێکی مووشەکی زەبروەشێن، بەڕەو شوێنەکان لە چەند شارێکی ئەورووپا، کە لەوانەیە واشنتن، چەکیان تێدا بلاوە پێ بکات، ئەو چەکانەی تاکو کاتێکی نزیک، بە گوێرەی پەیاننامەیەکی کۆتایی پێ هاتوو، قەدەغە بوون. ڕاستە کرملێن، هێشتا لە ئەورووپا تۆمەتبارە، بەتایبەتی لە بەریتانیادا، بەوەی کار دەکات لە سەر نانەوەی کێشەکانی ناوخۆ، دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکان و هەوڵی ڕاوەدوونانی نەیارەکانی و هەوڵی کوشتنیان لە پایتەختەکانی ئەورووپادا دەدات، بەڵام دەرەنجامەکانی ساڵی **2019**دەری دەخەن، بانگەشەکان بۆ کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ مۆسکۆ، بوونەتە شتێکی بەهێزتر و ڕوونتر، ئەگەر بە سێ ساڵی ڕابردوو بەڕاوردیان بکەین. لەوانەیە لەگەڵ گەیشتن بە کۆتایی ئەم ساڵەدا، گرەو لەسەر مۆسکۆ بکرێت، بەوەی هەندێ هەوڵی (هەندێ لایەنی ئەمریکی)، بۆ تەرخانکردنی مەراقی (ڕووسیای دوژمن)، لە ڕۆژهەی وڵاتاندا قبوڵکراو نابێت. هەرچەندە مۆسکۆ هەست بە بێ هیوایی دەکات، چونکە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ، نەیتوانی بەشی گەورەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی، بە کردنەوەی گفتوگۆ و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ مۆسکۆ، بەدی بهێنێت، کەچی ناوەندەکانی ڕووسیا، متمانە بوونی خۆیان ناشارنەوە، لەوەی تەرەمپ، بەسەرکەوتوویی لە جەنگی پەراوێزخستنی دەردەچێت و دەتوانێت، لەماوەی دووەمی سەرۆکایەتییدا، سیاسەتی خۆی بەرامبەر مۆسکۆ بسەپێنێت. لەگەڵ بوونی ئەو گەشبینییە، بە سەرکەوتنەکانی کرملێن، لە شکاندنی پەراوێزخستنی نێودەوڵەتی و دەرچوون بەرەو بەرە بەرە ئاساییکردنەوە پەیوەندییەکان، لەگەڵ چەندین لایەن، کەچی مۆسکۆ (خراپترین سیناریۆ) دەخاتە نێو بژاردەکانی، کە خۆی لە سەرکەوتنەکانی هەڵۆکان لە ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی کێشوەری ئەورووپا، لە باشترکردنی ڕێڕەوی تەواوکردنی دۆڕێچدانی ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە دەنوێنێت. شارەزایان پێیان وایە، ئەنجامی دواین لوتکەی ئەتڵەسی، لەمبارەیەوە ئاماژەی نەڕێنی پێ بوو. بۆیە مۆسکۆ، دەیەوێت توانای سەربازیی خۆی، لە ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارەکانی دەرەکیی نیشان بدات. ڕاگەیاندنی کۆتایی ساڵی ڕابردووش، لەبارەی بەرەودان بە تۆڕی گرتن و ئاگادارکردنەوە زوو، کە بەدرێژایی سنووورەکانی ڕووسیا بڵاو دەکرێتەوە، دەبێتە توخمێکی دیکەی گوشار، بۆ دەرخستنی قەبارەی ئامادەسازیی ڕووسیا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەشەکردنەکان لە چوارەوری خۆیدا.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1788:
وەک نۆیەم ویلایەت، نیوهامشیر ڕەزامەندی سەبارەت بە دەستووری ئەمەریکا پیشان دا .



ساڵی 1940:
لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهاندا، هێزەکانی ئەڵمانیا کۆنترۆڵی خاکی فەرەنسایان کرد.



ساڵی 1958:
کۆماری مۆریتانیا ڕاگەیەنرا.



ساڵی 1963:
حکوومەتی فەرەنسا کەشتیگەلی خۆی لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی کێشایەوە.



ساڵی 2009:
لەژێر سایەی تاجی دانیمارکدا گرینلاند بوو بە خاوەنی ئۆتۆنۆمی.



ساڵی 2017:
لەکاتی شەڕی ئازادکردنی شاری موسڵ لە داعش ، مزگەوتی نوری وێران بوو.

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/6/21 ژمارە (5957)
خەبات



(قەیسەر)ی سووریا...

یاسایەکی ئابووری بەڵام بە تامی سیاسەت

تا: هەندرێن شێرزاد

رۆژی 17ی حوزەیران ، ئەمەریکا دەستی بە جێبەجێکردنی یاسایەکی تازە کرد لە سووریا بە ناوی یاسای قەیسەری سووری و مەبەست لە دوایەوە پاراستنی خەڵکی سڤیلی ئەو وڵاتەیە. چاوەڕێش دەکرێ ئەمە کاردانەوەی گەورەی لێ بکەوێتەوە بە تایبەتیش کەرتی کار و بواری ئابووری . تەنانەت زۆر لایەن ئەمە وەک هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بونیادنانەوەی سووریا وەسف دەکەن ، بە تایبەتی دوای ئەو لێکتێگەیشتنەی ئێستا سەبارەت بە ئایندە و شێوازی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا هەیە.

پوختەی یاساکە

بەگوێرەی ماڵپەڕی فەرمی کۆنگرێسی ئەمەریکا ، رۆژی 20 کانونی دووەمی رابردوو کۆنگرێسی ئەمەریکا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران ڕەزامەندی دەربارەی ئەم یاسایە دەربڕیوە و ناوی یاساکەش بریتیە لە یاسای قەیسەری سووریا بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل و دواتر لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا واژۆ کراوە و رۆژی 17ی حوزەیران چۆتە بواری جێبەجێکردن و تا ساڵی 2024دریژە دەکێشێ . مەبەست لە دوای ئەم یاسایە سزادانی رژێمی سووریا و سەرۆکەکەیەتی بەرامبەر بەو تاوانانەی لە دژی خەڵکی سڤیل ئەنجامیان داوە، هەروەها یاساکە ڕێگە بە سەرۆکی ئەمەریکا دەدات هەموو ئەو سزایان لابدات کە بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێنراون لە کاتێکدا ئەگەر سەرجەم لایەنەکان بکەونە گفتوگۆ سەبارەت بە وەستاندنی ئەو پێشێلکارییانە ، ئەگەرچیش مەبەستی سەرەکی یاساکە پاراستنی خەڵکی سڤیلە لە تونددوتیژیی ، بەڵام زۆربەی بڕگەکانی چەندین سزای ئابووری و دارایی و بانکی دەگرێتە خۆی و مەبەست لە دوایەوە پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری سووریایە.

بانکی ناوەندی و پارە شوشتنەوە

یاسای قەیسەری سووری ڕێگە بە چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی بانکی ناوەندی سووریا دەدات بە تایبەتیش سەبارەت بە شوشتنەوەی پارە ، هاوکات ڕێگەش بە وەزیری خەزێنەی ئەمەریکا دەدات کە لە ماوەی 90ڕۆژدا ئەوە یەکلا بکاتەوە ئاخۆ هۆکاری راستەقینە هەن بۆ ئەوەی بڕیار بدرێ ئایا بانکی ناوەندیی سووریا دەزگایەکی دارایی و بایەخ بە شوشتنەوەی پارە دەدات یان نا ، ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێ بێ ، ئەو کاتە وەزیری خەزێنەی ئەمەریکا بە هاوکاری لەگەڵ دەستە فیدرالییە پەیوەندیدارەکان بڕیار لەسەر سەپاندنی سزاکان دەدەن بە گوێرەی بەشی 5318لە یاسای ئەمەریکا.

یاساکە کێ دەگرێتەوە؟

یاسای قەیسەری سووریا تایبەتە بەو کەسە بیانیانەی خۆیان خزاندۆتە نێو چەند مامەڵەیەکی دیاریکراو.

ئەو یاسایە ڕێگە بە سەرۆکی ئەمەریکا دەدات سزا بەسەر هەر کەسایەتیەکی بیانی لە ڕووی سەربازیەوە بۆندی لەگەڵ حکوومەت یان میلیشیا و بەکرێگیراوان بۆ بەرژەوەندی سووریان یان حکومەتەکەی واژۆ کردبێ .

ئەمە هەردووک حکوومەتی ڕووسیا و ئێران و هەموو ئەو کەسایەتیانەش دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا دەکەونە خانەی سزاکانی ئەمەریکا.

هەموو ئەوانەی کەلوپەل یان خزمەتگوزاری یان زانیاریی یاخود پشتگیریی زانستی بۆ حکومەتی سوریا دابین بکات کە ببێتە مایەی فراوانکردنی بەرهەمەکان.

هەر کەسێک کەلوپەلی یەدەگ بۆ فڕۆکە سەربازیەکانی سووریا یان هاوپەیمانانی دابین بکات یان پێی بفرۆشێ.

ئەوانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتگوزاریی بۆ تایبەت بە ئەندازیاریی گرنگ پێشکەشی حکومەتی ئەسەد دەکەن.

بە گوێرەی ئەم یاسایە و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی بە سەرۆکی ئەمەریکا بەخشراون ، هەموو جۆرە مامەڵەکردنێک بە موڵک و بەرژەوەندیەکانی کەسی بیانی کە لە ئەمەریک بوونیان هەیە قەدەغە دەکرێ.

سەرۆکی ئەمەریکا مافی هەیە لیستێک بەو ناوانە ئاماده بکات کە بەرپرسیارن لە پێشێلکاریەکان و ناوی هەریەکە لە سەرۆکی سووریا و سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەکانی هێزە هەڵگرتنی سزاکان لەسەر ڕژێمی ئەسەد:

وەستاندنی بۆمباباڕانکردنی خەڵکی سڤیل لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێم و ڕووسیا.

پابەندبوونی هێزەکانی سووریا و ڕووسیا و ئێران و میلیشیاکانیان بە وەستاندنی بۆردومانکردنی داموەدزگا تەندروستی و پزیشکیەکان و قوتابخانە و شوێنە مەدەنی و بازرگانیەکان.

دەبێ هێزەکانی سووریا و ڕووسیا و ئێران و میلیشیاکانیان ڕێگە لەبەردەم گەیشتنی یارمەتیە مرۆییەکان بۆ ناوچە و شار و گوندە ئابلۆقەدراوەکان والا بکەن و ڕێگەی جموجۆل و هاتوچۆ بە خەڵک بدەن.

ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسیەکان و ڕێگەدان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە سەردانی بەندیخانە و بنکەکانی دەستگیرکردن بدەن لە سووریا.

زامنکردنی گەڕانەوەی خۆویستانە بۆ هەموو ئەو سوریانەی بەهۆی شەڕەوە پەرتەوازە بوون .

سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکان لە سووریا و ڕادەستکردنیان بە دادگا و دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی و گفتوگۆکردن و دانوستان.

قەیسەر و ڕۆژئاوای کوردستان

لە بەیاننامەیەکدا ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە یاسای قەیسەر و تەواوی ئەو سزایانەی لەلایەن ئەمەریکاوە بەسەر ڕژێمی ئەسەد سەپێنراون ئەو یارمەتیە مرۆییانە ناگرێتەوە کە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی سووریا (ڕۆژئاوا) دەکرێن ، هەر لەو بەیاننامەیەدا باس لەوە کراوە کە یاساکە ئەو چالاکیانەش ناگرێتەوە کە سوپای ئەمەریکا لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ئەنجامیان دەدات.هەر لەو بارەوە ولیام ڕوباکی نێردەی ئەمەریکا بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕایگەیاند کە یاسای قەیسەر ئەو ناوچانە ناگرێتەوە ، ناوبراو لە میانی کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی سەربەخۆ لە شاری کۆبانێ جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە ئەوان کار بۆ خولقاندنی کار و هاوکاریی هاوبەش دەکەن لە پێناوی پێشکەشکردنی یارمەتی زیاتر بۆ خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە. سەبارەت بە باری ئەمنی و سیاسیش ، ڕوباک ڕایگەیاند کە لەو بارەوە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل ئاراستەی سەرکردایەتی ئەمەریکا دەکات بۆ ئەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان بدۆزرێتەوە. لە درێژەی وتەکانیدا نوێنەری ئەمەریکا وتی: ڕێگەچارەی گونجاو بریتیە لە بونیادنانی سیستەمێکی فرەلایەنی لامەرکەزی لە سووریا کە ببێتە مایەی لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی باکور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و لە دەستووریشدا بە فەرمی دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دابنرێ.



لەبەرچی قەیسەر؟

ناونانی ئەو یاسایە بە قەیسەر بۆتە مایەی ورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیار ، لەو بارەوە چەند ئاماژەیەک هەن بۆ ئەوەی کە ناوەکە بۆ کەسێکی نادیار دەگەڕێتەوە ، ئینجا یان وێنەگری سەربازی بووە لە سوپای سووریا یان سەربازێکی سووری بووە و دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر شەڕ ، زیاتر لە 50هەزار وێنەی ڕادەستی کۆنگرێسی ئەمەریکا کردووە کە تایبەت بوون بەو تاوانانەی دژی خەڵکی سڤیل ئەنجام دەدرێن. لەلایەن خۆشیانەوە سووریەکان (وەزیری دادی پێشووی سووریاش) ، ئەو کەسە ئەفسەر بووە و لە خزمەتی سەربازیی ڕایکردووە و ئەمەریکا گرتوویەتیە خۆی و دواتر وێنەکانی ڕادەستی حکوومەتی ئەمەریکا کردوون.



مانشێت



ئەی ئێف پی:
لە ناوەڕاستی شاری تورینتۆی کەنەدا دوو کەس تەقەیان کرد و لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و ژمارەیەکی دیکە بریندار بوو.



ئێندیپێندێنت:
وەک هەوڵێک بۆ بەردەوامیی ئاگربەستی نێوانیان ، حکوومەتی ئەفغانستان سەدان دەستگیرکراوی سەر بە بزووتنەوەی تاڵیبانی ئازاد کرد.



سکای نیوز :
بەرپرسانی چین ڕایانگەیاند ئەوەی ئێستا لە چین هەیە جۆرێکی دیکەی ڤایرۆسی کورۆنایە و سەرچاوەکەشی ئەوروپایە.



ئیلاف:
وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری دایە ئەوروپا لەوەی پشتبەستن بە چین هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر دیموکراسیەت لە ڕۆژئاوا.



ڕۆیتەرز:
وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بڕیاری درێژکردنەوەی سزا سەپێنراوەکانی سەر ڕووسیایان دا.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکوەزیرانی ئوسترالیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی کەوتۆتە بەر هێرشێکی تۆندی ئەلیکترۆنی و چین لەدوای بابەتەکەیە.



دکتۆر ئارام :

پێویستە ئەوانەی (هاوێنەی چاو) بەکاردەهێنن دڵنیا بن لە مارکەو کوالێتی هاوێنەکە



بە کارهێنانی ئەو هاوێنانە بۆ چاو رەنگە ببێتە هۆی هەستیاری چاو

خەبات: سولێن سلێمان

عەدەسەی چاو یاخود (هاوێنە) کە لە ئێستادا خەڵکانێکی زۆر بەکاریدەهێنن بە تایبەتی لە نێو خانمان بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕەنگی چاویان یان جوانتر دەرکەوتنی ڕەنگی چاویان لەگەڵ ئەوەی کە سیمایەکی جوان بە چاو دەبەخشێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئاگان لە زیانەکانی، ئەو هاوێنەیە. بە مەبەستی زانینی زیانەکانی عەدەسە یاخود هاوێنەی چاو دکتۆر ئارام تارق ئەحمەد پزیشکی پسپۆڕی چاو و پسپۆڕی ورد لە گلێنەی چاو بۆ خەبات دەڵێت:

ـ بە کارهێنانی ئەو هاوێنانە بۆ چاو ڕەنگە ببێتە هۆی هەستیاری چاو و کە ئەویش یان بەهۆی ماددەی هاوێنەکە یا بەهۆی ئەو گیراوەی کە هاوێنەکەی تێدا هە لدەگیرێت و هەروەها دەبێتە هۆی هەوکردنی گلێنەی چاو بەهۆی پیسبوونی هاوێنەکە لەکاتی دانانی یاخود پیسبوونی پەنجەی دەست یا پیسبوونی گیراوەی پارێزەرەکە ، لە بیرکردنی هەڵگرتنی هاوێنەکە لە ناو چاو دەبێتە هۆی دروستبوونی برینی بچووک لەسەر گلێنە بەهۆی کەمی گەیشتنی ئۆکسجین بۆ گلێنەکە ، چونکە گلێنەی چاو ئۆکسجینی ڕاستەوخۆ لە هەوا وەردەگرێت و ئەو برینە بچووکانەش دەبێتە هۆی سووربوونەوە ئازارێکی زۆری چاو ڕەنگە ببێتە هۆی هەوکردنیش، ئامۆژگاری ئەو دکتۆرە بۆ ئەو کەسانەی کەوا هاوێنەی چاو بەکاردەهێنن ئەوەیە کە وا پێویستە دڵنیا بن لە مارکە و کوالێتی هاوێنەکە و دەبێت براندێکی باوەڕپێکراو بێت و دەبێت دڵنیا بیتەوە لە ڕێکەوت و ماوەی بەسەرچوونەکە بۆ هاوێنە گیراوەکە کەتێیدا دەپارێزرێت ، شوشتنی دەست بە شێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک پێش ئەوەی هاوێنەکە بخەیتە چاو یا پێش هەڵگرتنی لە ناو چاو و دانانی لە ناو گیراوەکە باشتر وایە هاوێنەکە بە شێوەیەکی بەردەوام لە چاو دانەنرێت ڕۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک بەکاربێت لە وکاتانەشدا دڵۆپی فرمێسکی دەستکرد بەکاربێت بۆ دڵنیا بوون لە بەردەوام تەڕبوونی ناو چاوی گلێنەکە یا هاوێنەکە ، هەر کاتێکیش هەست بە خوران یا سووربوونەوە یا ئازار کرا، دەبێت دەستبەجێ هاوێنەکە دەربێت و سەردانی پزیشکی چاو بکەیت .

هەروەها لەپرسیاری ئەوەی کەوا چۆن بتوانین ، لە وەرزی هاویندا چاومان بپارێزین لە تیشکی خۆر ؟

لە وەڵامدا دەڵێت:بۆ هاوینان پێویستە زۆر نەچینە بەر تیشکی خۆر بە تایبەتی لە کاتژمێر (10)ی بەیانی تا (5) ئێوارە چونکە ئەو کاتانە تیشکی هەتاو توندترینە بە تایبەتی تیشکی زیان بەخشی سەرو وەنەوشەیی uvو هەر کاتێکیش چوویە دەرەوە دەبێت چاویلکەی دژە خۆری تایبەت لە چاو بکرێت و هەر کاتێک هەستت بە ماندووبوون یان وشکی چاو کرد ئەوا باشترە بە ئاوی ئاسایی یا دڵۆپێ فرمێسکی دەستکرد چاو تەڕ بکرێت.

مانای ئەو پیتانەی کە لەگەڵ مۆدێلەکانی مۆبایلی گالاکسیدا هەیە

هەردەوان:کۆمپانیای سامسۆنگ بە هەمە جۆری مۆبایلەکانی ناسراوە، لە مۆبایلی ئاست نزمەوە بۆ مامناوەند و بەرز، هەموویان بەردەست کراون بۆ کرپارە جیاوازەکان، ئەوانەی کە ئامادەن پارەیەکی زۆر بە مۆبایل بدەن، تا ئەوانەی کە دەیانەوێت بە پارەیەکی کەم مۆبایلێکی هۆشمەند بکڕن وە هەر ئەمەش وایکردووە سامسۆنگ گەیشتووە بەمەی کە ئێستە هەیە.زنجیرە ئاست بەرزەکانی کۆمپانیای سامسۆنگ بە زنجیرەی ((S و ((Noteناو نراون. هەرچی نوێگەری و داهێنانی سامسۆنگ هەیە لە بواری سمارتفۆندا، لەم زنجیرانەدا بە دیار دەکەوێت، کە بە تایبەتمەندی بەرز و دانانی نرخی بەرز لەسەریان بەرهەم دەهێنرێن هەر وەک ئەزانین سامسۆنگ بۆ نمایش کردنی ئەوەی ئەم دوو جۆرەی کۆنگرەی تایبەت ڕێکدەخات تاوەکو بە ڕوونی باسی تایبەتمەندیەکانی بکات وەک دەزانین چەند ڕۆژێکی کەمە کە گالاکسی ئێس ٨ و ئێس ٨ پلەس لە زنجیرەی ئێس بڵاو بۆنەتەوە وە بەمزووانەش گالاکسی نۆت ٧ دەخرێتەوە نێو بازار بە تەواوەتی چارەسەری کێشەکانی بۆ کراوە.

پیتی (S) لە کورتکراوەی (Super smart) کە بەواتای زیرەکیی ئاست بەرز، واتای (NOTE) لە هەردوو وشەی Phoneو Tabletsەوە سەرچاوەی گرتووە مانای PHAB-LET بە مۆبایلێک دەوترێت کە تێکەڵەیەک بێت لە مۆبایلە هۆشمەندەکان و تابلێتەکان واتە ئەم جۆرە مۆبایلە هەم مۆبایلێکی هۆشمەندە هەمیش تابلێتێک لەگەڵ قەڵەمی هۆشمەندی S PENدا مۆبایلە ئاست مامناوەندەکانیش لە زنجیرەکانی ((Aو (J) دا کۆکراونەتەوە، کە چ لە ڕووی تایبەتمەندی و چ لەڕووی نرخەوە، پلەیەک لە خوار مۆبایلە ئاست بەرزەکانەوەن وە نرخەکانیشیان ئێجگار لە چاو تایبەتمەندیەکانیدا نزمە ئەم مۆبایلانە جیاوازتر لە جۆرەکانی تر سالّ بەسالّ جۆرێکی تری لێدەردەچێت بەناوی ئەو سالّەوە بە نموونە لە٢٠١٦دا A5 2016 دەرچوو دواتر لە 2017دا A5 2017خرایە بازارەوە (پێشتریش ئەی ٥ هەر هەبووە بەڵام سالّ بەسالّ ئەو ژمارە سالّەی کە لەگەڵیدا دەگۆڕێت و تایبەتمەندی بەرەو پێشتر ئەچێت)واتای زنجیرەی Aلە وشەی -AL PHAەوە هاتووە واتە پڕۆگرامێک کە هێشتا نەکەوتۆتە بەردەستی خەڵکی بەمەبەستی تاقیکردنەوەی، زنجیرەی Jمەبەستی لە وشەی JOYFULلە لە زمانی کوردیدا بە واتای ئاسوودە دێت.مۆبایلە ئاست نزمەکانیش لە زنجیرەی (Grand) و (M) و دا دەبینرێن ، کە لە ڕووی تایبەتمەندی و نرخیشەوە لە ئاستێکی نزمدان ، زیاتر کەسانی کەم دەرامەتی نێو کۆمەڵگا سودیان لێوەردەگرێت بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک هیند کە خواستێکی زۆریان لەسەرە چونکە هەرزان و لەگەڵ بارووددۆخی وڵاتەکەدا ئەگونجێت نەوەی GRANDواتا (مەزن)و نەوەی Mلە -Mag ical ەوە هاتووە واتە ئەفسوناوی، بێگومان هەر هێندە نیە بەڵام ئێمە تەنها ئەو جۆرەنەمان باسکردووە کە لە کوردستاندا زۆر باون و وە خەڵکی بەکاریدەهێنێت.




چاپکراوی نوێ

پۆلیسی تەکنیکار

کتێبی (پۆلیسی تەکنیکار) بە قەبارەیەکی گەورە و 247لاپەڕەیی لە نووسینی (د. مارسیل لوکلیر) و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە عەمیدی مافپەروەر (غفران سەلیم سام) کەوتە بەردەستی خوێنەران. کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی و 23بەند پێکهاتووە، بەشە سەرەکییەکان ئەمانەن: بەشی یەکەم/ ڕوخسارە گشتییەکانی تاوان و پۆلیسی تەکنیکار، بەشی دووەم/ دیاردە تاوانبارییەکان، بەشی سێیەم/ لێکۆڵینەوەی تاوانباریتی. ئەمە و هەر بەش و بەندێک چەندین بابەت دەگرێتەخۆ.

وەرگێڕ لە بەشێکی پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێ:"میللەتی کورد، ئەگەرچی ئەمڕۆ لە کوردستانێکی فرە حزبی و لە ژێر سایەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو و حکوومەتێکی نیشتمانیدا ئازادانە و دوور لە هەموو جۆرە فشار و چەوساندنەوەیەک ژیانی خۆی بەسەر دەبا و دام و دەزگایەکی پۆلیسی چاوکراوەی ئەوتۆی هەیە ، کە هەمیشە پاسەوانی ئەو خاکەی کوردستانن و لە پێناو ئارامی و ئاسایش و چەسپاندنی حکوومەتی یاسا شەونخونی دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرفت و کێشەکان ڕەگیان قوواڵە و پێویستە هەموو لایەک هەوڵبدەن لە ناخەوە هەڵیانبکێشین. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەو ئەرکە پیرۆزە دەکەوێتە سەرشانی پۆلیسی تەکنیکار و ئەو هەموو دەستدرێژی و تاوانانەی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی پڕۆگرامەکانی و هەر خۆی بەر لە هەموو کەسێک دەچێتە ناو جیهانی پڕ لە نهێنی و تاوانباریتی و پۆلیسی زانستیش بەشێوازی ژیرانە و زانستیانە، دوای جێبینی و بەدواداچوون، بەدوای دۆزینەوەی تاواندا دەگەڕێ و لێی دەپرسێتەوە و هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەڕەخسێنێ و پوختەی کارەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە دەخاتە بەردەم دادگاکان و ئاسانکارییەکی بەرچاو بۆ دادوەر دەڕەخسێنێ...".



ئەپەیتی نوێی Xbox one ڕاگەیاندرا

هەردەوان: بەپێی هەواڵێک کە وێبسایتی (Engadget) ئامارژەی پێداوە، دوای ئەو هەموو ماوە چاوەڕوانیە لە کۆتایدا ئەپەیتێکی سۆفتوێری وەرزی بەهاری کونسۆڵی ئێکس بۆکس وەن بڵاوکرایەوە وە بەردەست کرا بۆ گشت بەکارهێنەرانی ، ئەم نوێکاریەی مانگی ٤ ، پێش هەموو شتێک تێیدا دیزانێکی نوێی ڕووکارەکەی تێدا بەدی دەکرێت ، و زیاتر سادە بوونی و خێراتربوونی لەم نوێکاریەدا گرنگترین خاڵەکانی ئەپەیتەکەیە . و خێراتربوون دۆزینەوەی گروپێک تاوەکو بتوانی تێیدا نیشتەجێ ببیت.هەروەها جگە لەوانەش، بەشی Guideیش زیاتر خێراتر بوو لەچاو ڕابردووەوا و دەتوانی دەستت بگات بە نوێترین ئەپلیکەیشنەکان و موزیکی پاشبنەما و ڕێکخستنی گەیم پلەیەکان تاوەکو خێرایەکی زیاتریان تێدا بەدی بکرێت ، و لەهەمان کاتیشدا هەندێک لە گۆڕانکاریەکانی بە شێوازێکی فراوان لە مولّتی تاسکینگدا کراوە. ڕووکاری بنیات نانەوەی هاوکاری کەری کۆرتانا تێدا بەدی دەکرێت .لەگەڵ ئەو هەموو نوێکاریە نوێیەکە خالێکی نێگەتیڤیش هەیە کە پێویستە باسی لێوە بکرێت ئەویش سڕینەوە و لابردنی بارووددۆخی SNAPکە بەڵام شتێکی



ئەوتۆ و گرنگ نییە، شایەنی باسە کنسۆڵی نەوەی هەشتەمی مایکرۆسۆفت ، ئێستە سود لە تایبەتمەندی ستریمی لەڕێگای BEAMوەردەگرێت ، و گەیمەران دەتوانن سەرکێشیەکانی یاری کردنیان لە جێگای تویچ ، لە ڕێگای سێرڤەری ستریمی Micro-softs in-houseەوە پەخش بکەن ، دەکرێت بڵێین بە باشترین نوێکردنەوەی ئێکس بۆکس دێتە هەژمار .

لاگازیتا: راهێنەری ئینتەر ئۆباميانگی ناوێت

رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتالی ئاشکرای کرد کە ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری یانەی ئینتەر میلان رەتیکردۆتەوە ئۆباميانگی هێرشبەری یانەی ئەرسنال وەک جێگرەوەی لاوتارۆ مارتینیزی ئەرژەنتینی بباتە ریزەکانیانەوە.

رۆژنامەکە رووني کردۆتەوە کە کۆنتی لەبەر چەند هۆکارێک ئۆباميانگی ناوێت وەک تەمەنی گەورەی ئەو یاریزانە و هەروەها موچەیەیەکی زۆری دەوێت و پێشی وایە ئاستی ئەو یاریزانە وەک جاران نمایە.

گۆڵپارێزەکەی ناپۆلی بەشداری فاینالی جامی ئیتالیا ناکات

خەبات: سولێمان سلێمان

یانەی ناپۆلی لە پێگەی فەرمی خۆی بڵاویکردۆتەوە کە دەیڤید ئۆسپینا گۆڵپارێزەکەی یانەی ناپۆلی لە یارییەکەیاندا بەرامبەر بە یانەی ئینتەرمیلان و بەهۆی ئەو پێکانەی کە لە قۆناغی پێش کۆتایی جامی وڵاتەکەی تووشی بوو، ناتوانێت بەشداری لە فاینالی جامی ئیتالیا بکات بەرامبەر یانەی یۆڤێنتۆسی، یارییەکەی نێوان یانەی ناپۆلی و ئینتەرمیلان لە یاریگای سان پاولۆ بەرێوە چوو ئەنجامەکەشی بە یەکسانی کۆتایی هات کە 1-1؟ هەروەها لە یاریی داهاتووی فاینالی جامی ئیتالیا هەریەک لە یانەی ناپۆلی و یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی رووبەرووی یەک دەبنەوە .



چوونی لاوتارۆ بۆ بەرشلۆنە شکستی هێنا



بریاروابوو یانەی بەرشلۆنە بەبۆندێک لاوتارۆی ئەرجەنتینی و یاریزانی یانەی ئینتەرمیلان بباتە ریزەکانی، بەڵام پێش بەکۆتا هێنانی بۆندەکە، شکستی هێنا.

لاوتارۆی ٢٢ ساڵ کە بۆ یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی یاریدەکات، پێش مانگێک یانەی بەرشلۆنە دەستیکرد بە گفتوگۆ لەپێناو بەدەست هێنانی یاریزانە ئەرجەنتینیەکە، بەڵام وەک رۆژنامەی (لاگازیتا دیلۆ سپۆرت) بڵاوی کردۆتەوە، بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی یاریزانەکە لەلایەن یانەی ئینتەرمیلان یانەی بەرشلۆنە ناتوانێت ئەو یاریزانە بەدەستبهێنێ و بۆندی ئەو یاریزانە پێش رێکەوتن لەسەری، شکستی هێنا.

بەهۆی قەیرانی کۆرۆنا و دارایی کە تەواوی جیهانی گرتۆتەوە، یانەی بەرشلۆنە توانای ئیمزاکردنی بۆندی لەگەڵ لاوتارۆ نیە و ئینتەرمیلانیش ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و لە هەوڵدایە بە موچەیەکی کەمتر لە پێشوو لاوتارۆ لە ریزی یانەکە بهێڵێتەوە.

کڵۆپ: زۆر ترسام بە هۆی کۆرۆناوە ناسناوەکە لەدەست بدەین



یۆرگن کڵۆپی راهێنەری لیڤەرپول باس لە سەردەمی کەرەنتینە دەکات و رایدەگەیەنێت،زۆر ترساوە بەهۆی کۆرۆنا ناسناوی پریمەرلیگ لەدەست بدەن.

دوای ئەوەی کۆرۆنا بووبە هۆی کەرەنتینەکردن و راگرتنی پریمەرلیگ، باس و خواسی زۆر لەبارەی کۆتایی هێنانی خولەکە کرا، بەپێی یاسا خول تەواو نەکرێ بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێ و هیچ یانەیەک ناسناوەکە بەدەست ناهێنێ.

بەهۆی ئەوەی لیڤەرپوول بە جیاوازی زۆر لە پێشەنگ بوو، راهێنەری یانەکە یۆرگن کڵۆپ ترسی خۆی نەشاردۆتەوە لەوەی کە ئەگەر خولەکە دەست پێنەکاتەوە ناسناوەکە لەدەست دەدەن و رەنج بەخەسار دەبن.

خولی ئینگلیزی کە تەنها ٩هەفتەی ماوە کۆتایی پێبێت و تا ئێستا لیڤەرپوول بە جیاوازی زۆر لە پیشەنگە و تارادەیەکی زۆریش ناسناوی ئەم وەرزەی یەکلاکردۆتەوە. لیڤەرپوول ٢٩ یاری ئەنجامداوە و خاوەنی ٨٢ خاڵە و بە ٢٢ خاڵ لە پێشەوەی دووەمی ریزبەندیە.

لالیگا یاری نێوان بارسێلۆنا و سێڤیا بە یەکسانی کۆتایی هات



– لە هەفتەی ٣٠هەمینی لا لیگادا، بارسێلۆنای پێشەنگ و یانەی سێڤییا، رووبەڕووی یەکتر بوونەوە و یارییەکەیش بە یەکسانی کۆتایی هات.

لە هەفتەی ٣٠هەمینی یارییەکانی خولی ئیسپانیا ناسراو بە "لا لیگا" یانەی سێڤییا لە یاریگەی خۆیدا میواندارای یانەی بارسێلۆنای کرد و یارییەکەش بەبێ تۆمارکردنی هیچ گۆڵێک، کۆتایی هات.

لە گێمی دووەمدا، خاوەن یارییەگە، هەوڵیاندا لە دوو بۆنەدا، گۆڵی یانەی بارسێلۆنا بهەژێنن، بەڵام گۆڵپارێزی یانەی بارسێلۆنا، بە لێهاتوو پارێزگاری لە تۆڕەکەی کرد و رێگەی نەدا، یاریزانانی سێڤییا هیچ گۆڵێک تۆمار بکەن.

بە دریژایی هەردوو گێمەکە، گرژی لە نێوان یاریزانانی هەردوو یانە دیاربوو، بە تایبەتیش کە خەریکبوو ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی بە کارتی سوور بکرێتە دەرەوە دوای ئەوەی هێرش کردە سەر بەرگریکاری سێڤییا، دیگۆ کارلۆس.

بەم ئەنجامەیش بارسێلۆنا دوو خاڵی گرنگی لەدەستدا و کۆی خاڵەکانی گەیاندە 65خاڵ و هەرچی یانەی سێڤییاشە، کۆی خاڵەکانی گەیاندە 52خاڵ و لە پلەی سێیەم دایە.

نایمار دەبێت 6.7 ملیۆن یۆرۆ بداتە بارسێلۆنا



خەبات: سولێمان سلێمان

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردۆتەوە کەوا ئەستێرەی بەرازیلی نەیمار داسێلڤا هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی پێویستە 6.7ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی بارسا ئەمەش دوای ئەوەی کە نایمار سکاڵای لە دژی یانەی بارسای کەتەلۆنی تۆمارکردبوو لە دادگا کە داوای پاداشتی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی کردبوو و هەروەها دەیویست یانەی بارسا 43.6ملیۆن یۆرۆ بداتە نایمار بەڵام دادگا داواکەی نەیمار داسێلڤای رەتکردەوە کەیسەکەی دۆراند لە گەڵ یانە کەتەلۆنییەکە هەر بۆیەش پێویستە نایمار لە بەرامبەردا نزیکەی حەوت ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی بارسا ، رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە نایمار بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی تر بچێتەوە ریزی یانەی بارسا نوێکردنەوەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی رەتکردەوە کە برەکەی 100ملیۆن یۆرۆ بوو

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu.21. Jun. 2020 No: (5957)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



بەهۆی کۆرۆناوە دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار بۆ نیسانی 2021 دواخرا

نیویۆرک –

ئەکادیمیای زانست و هونەری سینەما لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەوەی ئاشکرا کرد، ٩٣مین مەڕاسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار کە بڕیاربوو لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢١دا ئەنجامبدرێت، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) بۆ ٢٥ی نیسانی ٢٠٢١ دواخراوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ماوەی تۆمار کردنی کاندیدەکانی ئۆسکار بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢١ درێژکراوەتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لە سەرەتای مانگی ئاداڕەوە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە ئەمریکا بڵاوبووەتەوە و بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەشی بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە گیراونەتەبەر بەرهەمهێنانی فیلم وەستاوە.

کۆتا جاریش کە مەڕاسیمی دابەشکردنی ئۆسکار دواخرابێت لە ساڵی ١٩٨١دا بوو کە بەهۆی هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا ڕۆناڵد ڕەیگن، مەڕاسیمەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دواخرابوو.

فۆتۆی وێنەگری داهێنەر و وێنەگری تەقلیدی جیاوازە

وێنەگر مەحمود هەولێری: یەکێک ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبێ لە وێنەگرتندا، تەکنەلۆژیاش لە خزمەتی دابێ ناتوانێ ئەو داهێنانە بکات



دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین

مەحمود محەمەد حوسێن ، لە نێوەندی هونەری و ڕۆژنامەنووسیدا بە (مەحمود هەولێری) ناسراوە، لە ساڵی **1968**لە شاری هەولێر لە دایکبووە و ماوەی **26** ساڵە وێنەگری پەرلەمانی کوردستانە و لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار وەک وێنەگر کاری کردووە و ئەندامی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، تا ئێستا چەندین پێشانگای فۆتۆگرافی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە، لە مانگی ئاداری داهاتووش بە نیازە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا پێشانگایەکی تایبەت بە دایکی کورد خاتوو دانیال میتران بکاتەوە،لەم دیدارەدا ئەو وێنەگرە دڵی خۆی بۆخەبات کردەوە:

وەک فۆتۆگرافەرێکی خاوەن ئەزموون، دەکرێ پێمان بڵێن کە فۆتۆگرافەر کێیە...؟

فۆتۆگرافەر ئەو هونەرمەندە بەسەلیقەیەیە، کە بە زوومی کامێراکەی دیمەنەکانی دەوروبەری خۆی بە جوانترین شێوە دەچرکێنێ و پێشکەشی خەڵکی دەکات.

جیاوازی لە نێوان کەسایەتی فۆتۆگرافەری داهێنەرو تەقلیدی بەچی جیا دەکرێتەوە ...؟

ئەو جیاوازیە لە خودی وێنەی وێنەگرەکە خۆی بەدیار دەکەوێ، فۆتۆی وێنەگری داهێنەر و وێنەگری تەقلیدی جیاوازە و زۆر بە زەقی دیارە، ئەگەر کەمێک لێی وردبینەوە زۆر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ.

کەسێک کە تازە کامێرایەکی دیجیتاڵی پێشکەوتووی لە دەستدایە و لەگەڵ کەسێک کە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بواری فۆتۆگرافەریدا، چۆن لە وێنەگرتنەکانیاندا دەناسرێتەوە...؟

هەموو وێنەگرێکی داهێنەر و خاوەن ئەزموون دەتوانێ داهێنانەکەی خۆی لە بواری وێنەگرتندا بەکار بهێنێ، بەڵام هەرچی کامێرای دیجیتاڵ و ئەو تەکنەلۆژیای تازەیەی هەن دەکرێ ببێتە یارمەتیدەر بۆ وێنەگرەکە، بەڵام ئەگەر یەکێک ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبێ لە وێنەگرتندا و تەکنەلۆژیاش لە خزمەتی دابێ، ئەوە ناتوانێ ئەو داهێنانە بکات کە یەکێکی بە ئەزموون و شارەزا دەیکات، ئەوەیان لەلای من واقیعێکی بەرجەستەکراوە.

چۆنە ئەوەندە لەپەرلەمان تەمەنتان درێژ بووە، ئێوە هەر لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان وەک وێنەگری شارەزا بەردەوامیە چیپە ...؟

نهێنی بەردەوامبوونم لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من لەگەڵ هەموو سەرۆک و پەرلەمانتارو کارمەندە بەڕێزەکان ئاسوودەم و خۆشەویستیەکی بەهێز لە نێوانماندا هەیە، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری بم، تەنیا بە خانەنشینکردنم دەتوانم لە پەرلەمان دوور بکەومەوە.

دەکرێ نمونەی یادگاری ڕوون و تاریکی خۆتمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بۆ ئاشکرا بکەن ...؟


لە هەموو کار و بارێکدا یادگاری ڕوون و تاریک هەن، با باس لە یادگارییە تاریکەکان نەکەین و لەبیر خۆمانی ببەینەوە، بەڵام یەکێک لە یادگارە خۆشەکان کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەتیم بوو کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی شریتی کردنەوەکەی بڕی.

لەناو ئەرشیفی پەرلەماندا چ شتێک هەیە کە زۆر شانازی پێوە بکەی ...؟

من شانازی بە هەموو ئەرشیفەکانی خۆم دەکەم کە لە ماوەی ئەو **26**ساڵەی کاری پەرلەمانیم گەلاڵەم کردووە کە زادەی ئێش و ماندووبوونمە. هەروەها شانازی بە ڕۆژی بەستند کردنی ئالای کوردستان لە کۆبونەوەی بەرلەمانی کوردستان لە **11/11/ 1999**کە بەشانازییەوە ئەو ئەرشیفەم پاراستووە.

باس لە بەسەرهاتی گەنجێک دەکات لە سەردەمی تیرۆردا

(وەقت ئاخەر) کاتێکی دیکە، تازەترین کورتە فلیمی باشوری عێراقە



خەبات: سەربەست برزۆ

تازەترین کورتە فلیمی باشوری عێراق لەژێر ناوی ((وەقت ئاخەر)) کاتێکی تر هاتە بەرهەم ، باس لە بەسەرهاتی گەنجێک دەکات لە سەردەمی تیرۆر لە عێراقدا کە لە دوای ڕۆژەی ئازادی **2003**بۆ چەند ساڵێک وبگرە تاوەکو ئێستاش بەرۆکی ولاتەکەی گردووە . ئەو گەنجە لە کاتی شایی بوک گواستنەوەیدا شاییەکەی لەلایەن تیرۆرستانەوە دەتەقێننەوە و بوکەکەی و کەسوکاری و ئەوانەی کە لە شاییەکەدا دەبن هەمویان تیائەچن و تیرۆر دەکرێن و تەنها خۆی دەمێنێتەوە و باری دەرونی تێک دەچێ .

ئیتر دوای ئەو کارەساتەی کە بەسەریدا دێت بە تەنیا دەمێنێتەوە و ڕۆژانە لەناو کەلاوەیەک ژیان بەسەر دەبات و بەردەوام خەریکی دروستکردنی بوکەڵە و مرۆڤە بە قوڕ چونکە وا هەست دەکات دەزگیران و کەسو کارێتی . کورتە فلیمەکە پشت بە زمانی ئاماژە دەبەستێت و فلیمی بێدەنگە و ئامانج لێی خۆشی و شادی جەنگ و تیرۆر لە ناوی دەبات .ماوەی کورتە فلیمەکە **8**دەقیقەیە و لە دەرهێنانی عەباس عەبودی و سیناریۆی سامر قورەیشی و نواندنی محەمەد سەبیح شەمەرییە و بەرهەمی سەنتەر فن بۆ سینەما وشانۆیە .

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەمر و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەمر ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

چارەسەرییە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلێ تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەمر و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم داپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکولێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

ڕێگایەکی ئاسان بۆ چارەسەری سووتان

سوتاوی ئەو گرفتەی کەتوشی پێست دەبێ بەهۆی گەرما و سەرما و کارەبا یان تیشکی خۆر و هەندێ مادەی کیمیایی کەوادەکات پێست ناچاربکات خۆی نوێ بکاتەوە، بەمەبەستی چارەسەری سوتاوی دەکرێت چارەسەری پزیشکی بەکارنەهێنیت و بەرێگای سروشتی چارەسەری بکەیت بەم شێوەیەی خوارەوە

شێوازی یەکەم: یەک کوپ زەیتی لافێندەر بهێنە و بیدە لەپێستەکە و دایمەپۆشە و ئەمەش بەدرێژایی ڕۆژ بەکاربهێنەرەوە.شێوازی دووەم: بەکارهێنانی هەنگوین بۆ پاککردنەوەی برین و سوتاوی.

یەک کوپ هەنگوینی شل: هەنگوینەکەبخەرە سەر سوتاوییەکە و با بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەری بێت تا وشک دەبێتەوە و دای مەپۆشە.

